Zanco Journal of Law and Politics
Vol(23), No(40), 2025
ISSN-Print: 2079-3901
ISSN-Online: 3005-396X

# پرۆسەی دروستکردنی بڕیاری سیاسی لە هەرێمی کوردستان دوای ٢٠٠٣[1]

| |
|---|
| سلوان فاضل غفور |
| بەشی سیستەمە سیاسیەکان و سیاسەتی گشتی، کۆلێژی زانستە سیاسیەکان، زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر، هەرێمی کوردستان - عێراق |
| Salwan.ghafour@su.edu.krd |
| پ. ی. د. زوبێر ڕەسول ئەحمەد |
| بەشی سیستەمە سیاسیەکان و سیاسەتی گشتی، کۆلێژی زانستە سیاسیەکان، زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر، هەرێمی کوردستان - عێراق |
| Zubir.ahmed@su.edu.krd |

| | | |
|---|---|---|
| ID No. 4481 | Received: 22/06/2024 | وشەکلیلیەکان: |
| (PP 226 - 254) | Accepted: 22/07/2025 | بڕیاری سیاسی، سیستەمی سیاسی، پارتی سیاسی، نوخبە، هەرێمی کوردستان. |
| https://doi.org/10.21271/zjlp.23.40.9 | Published: 16/11/2025 | |

## پوختە

پرۆسەی دروستکردنی بڕیار بە گشتی پرۆسەیەکی ئالۆزو فرە ڕەهەندە لە زانستە سیاسییەکاندا، بە تایەبەت لە هەرێمی کوردستان ئەم پرۆسەیەی ئالۆزتریشە چەندین دەزگای فەرمی و نافەرمی و کەسی تێیدا بەشدارن. لەم سۆنگەیەوە ئەم توێژینەوەیە هەوڵ دەدات پرۆسەی دروستکردنی بڕیاری سیاسی لە هەرێمی کوردستان دوای ساڵی ٢٠٠٣ شرۆڤە بکات. پرسیاری سەرەکەی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە ئایە سروشت و پێکهاتەی پرۆسەی دروستکردنی بڕیاری سیاسی لە هەرێمی کورستان چۆنە؟ توێژینەوەکە هەوڵدەدات سەرەتا ئەکتەرە سیاسیە سەرەکییەکان (وەک پارتەکان، دامەزراوە حکومەییەکان، میدیا و رای گشتی)، دیاری بکات، پەیوەندی نێوان ئەم لایەنانە و چۆنیەتی کاریگەرییان لەسەر بڕیارە سیاسیەکان. بەتایبەتی جەختکردنەوە لەسەر ڕۆلی پارتە سیاسیەکان و نوخبە لە دروستکردنی بڕیار. توێژینەوەکە گەیشتۆتە ئەو دەرەنجامەی کە ڕۆلی دامەزراوە فەرمییەکان ڕۆلێکی لاوازە لە پرۆسەی دروستکردنی بڕیاردا، ئەمەش بۆتە هۆی لاوازبوونی دەسەلاتەکانیان بەتایبەت پەرلەمان کە ڕۆلێکی بالای هەیە لە دروستکردنی بڕیار، بەلام لە واقعدا کەوتۆتە ژێر هەژموونی نوخبەی سیاسی بەتایبەت هەردوو پارتی خاوەن دەسەلات لە هەرێمی کوردستان. هەروەها جۆری سیستەمی سیاسی و دەستوور کە هەموو ئەمانە کاریگەریان لەسەر پروسەی دروستکردنی بڕیار هەیە. بۆیە لەم توێژینەوەیە بەوردی باسی ڕۆلی هەرسێ دەسەلاتەکە دەکەین لە پرۆسەکە، لە ئاستی کاریگەریان لەسەر دروستکردنی بڕیاری سیاسی لە هەرێمی کوردستان دواتر تیشک دەخەینە سەر ڕۆلی پارتە سیاسیەکان و نوخبە کە پێمان وایە دەسەلاتێکی زۆریان هەیە لە دروستکردنی بڕیاری سیاسی ، هۆکاری ئەمەش بە پلە یەک دەگەڕێنینەوە بۆ نەبوونی دەستورێکی هەمیشەیی و سیستەمێکی دامەزراوەیی لە هەرێمی کوردستان.

[1] ئەم توێژینەوەیە هەڵهێنجراوە لە ماستەرنامەی قوتابی (سلوان فاضل غفور).

## پێشەکی

دروستکردنی بڕیاری سیاسی پرۆسەیەکی گرینگە لەهەمان کاتدا پرۆسەیەکی ئالۆزە، کۆمەڵێک فاکتەری ناوەخۆ ودەرەکی کاریگەری لەسەر ئاراستەکردن و دارشتنی هەیە. دروستکردنی بریار وەک وەلامدانەوەیەک بۆ پرسێک یان بارودۆخێک کە کۆنونەوەی گشتی لەخۆ دەگرێت. لەبەر ئەوە دەکرێت بلێین بریار گونجاوترین ئامرازە بۆ چارەسەرکردنی کێشە. بریاری سیاسی ئەو بریارەیە کە لەلایەن ئۆرگانەکانی دەسەڵاتی سیاسی دەدرێت لەچوارچێوەی رێسا گشتیەکاندا لەگەل ئەوەشدا پەیوەستە بە هەڵسوکەوتی سیستمی سیاسی و کۆمەڵێک ڕێسا و پرەنسیپی گشتیی کە سەرکردە و بەرپرسان بۆ بڕیاردان و چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی ڕووبەڕوویان دەبێتەوە ئەنجامی دەدەن. بڕیارەکان چ سیاسیبن یان ناسیاسی ئامانجیان ئەوەیە کە کاریگەرییان لەسەر کۆمەڵگا و سیاسەتی گشتی دەوڵەت و پێگەی دەوڵەت هەبێت ، چ لە ناوخۆ چ لە دەرەوە.

بۆ تێگەیشتن لە پرۆسەی دروستکردنی بریار لە هەر وەلاتێک پێویستە سەرەتا خوێندنەوە بۆ سیستەمی سیاسی ئەو وەلاتە بکەین. لەبەر ئەوەی سیستەمی سیاسی بەتەنیا بریتیی نیە لە دامەزراوە حکومیەکان بەلکو لەهەموو دامەزراوە سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتورییەکانیش بە پێکهاتە تەقلیدیەکانیشەوە کە لەسەر بنەمای خزمایەتی و عەشیرەت دامەزراون دەگرێتەوە. ئەم پێکهاتانە پێکەوە سیستمێک دروست دەکەن، دەبنە بەشێکی سەرەکی لە سیستمی سیاسی.

ئەمە بۆ هەریمی کوردستانیش تەواو دروستە، لە هەرێمی کوردستان لەگەل نەبوونی دەستوور و سیستەمێکی سیاسی روون کێشە و بۆشایی دروستکردوە لە پرۆسەی بریاردنی سیاسی ، لەبەر ئەوەی کۆمەلێک دەزگای فەرمی و نافەرمی کاریگەریان لەسەر دروست کردنی بریاری سیاسی هەیە، بەتایبەت پارتە سیاسیەکان و دەستەبژێر کە لەم توێژینەوەیەدا بەتایبەت جەختیان لێدەکەینەوە.دواتر جەخت دەکەینەوە لەسەر رۆڵی سۆشیال میدیا و رای گشت لە دروستکردنی بریار لە هەرێمی کوردستان تاوتویێ دەکەین.

### یەکەم: گرنگی توێژینەوە

گرینگی ئەم توێژینەوەیە لەم سۆنگەوە دێت کە هەولدەدات خوێندنەوە بۆ پرۆسەی دروستکردنی بریاری سیاسی بکات لە هەرێمی کوردستان، هەروەها دەرخستنی ئەو لایەنانەی کە بەشێوەیەکی بەرچاو رۆل و کاریگەریان لەو پرۆسەیەدا هەیە لە هەرێمی کوردستان. هەر ئەمەش گرینگی ئەم توێژینەوەیە دەردەخات بە جەختکردنەوە لەسەر ئەو کۆمەلە دەستەبژێرەی کە بە شێوەیەکی بەرچاو کاریگەریان لەسەر پرۆسەکەدا هەیە لە واقیعدا.

### دووەم: ئامانجی توێژینەوە

ئامانج لەم توێژینەوەیە باس کردنە لەو لایەنانەی کە رۆڵیان هەیە لە پرۆسەی دروستکردنی بریاری سیاسی لە هەرێمی کوردستان ، جا چ دامەزراوەی فەرمی بن یاخود نافەرمی. هەروەها ئەو هۆکارانەی کار لەپرۆسەکە دەکەن وە ئەو لایەنانەی کە دامەزراوەکان دەخەنە ژێر هەژموونی خۆیان تاوەکو کاریگەریان لەسەر پرۆسەکە هەبێت. لەگەل باسکردنی هۆکاری لاوازی پرۆسەکەو یاخود ئەو هۆکارانەی وادەکەن کە پرۆسەکە لە ئاستی پێویستدا نەبێ کە سیستەمی سیاسی بەرەو پێش ببات.

### سێیەم:پرسیاری توێژینەوە

پرسیاری سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە: ئایە سروشت و پێکهاتەی پرۆسەی دروستکردنی بریاری سیاسی لە هەرێمی کورستان چۆنە؟

پرسیاری لاوەکی:

-ئایە ڕۆڵی دامەزراوە فەرمیەکان بەپێی بنەما دیموکراسیەکان لەم پرۆسەیە چۆنە؟

-ئایە دامەزراوە و لایەنە نافەرمیەکان کاریگەری و دەسەڵاتیان بەسەر پرۆسەی بریاردان هەیە؟

### چوارەم: میتۆدی توێژینەوە:

بۆ تێگەیشتن لە پرۆسەی دروستکردنی بریار لە هەرێمی کوردستان، ئەم توێژینەوەیە ڕێبازی چۆنایەتی بەکاردەهێنێت، هەروەها پشت بە میتۆدەکانی شیکاری و وەسفی دەبەستێت کە پێداچوونەوە بە ئەدەبیات و کۆکردنەوەی زانیاری سەرەتایی و شیکاری ڕەخنەگرانە بەیەکەوە بەکاردێنێت بۆ رونکردنەوەی پرۆسەکە لە هەرێمی کوردستان.

### پێنجەم: پێکهاتەی توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە لە پێشەکی و دوو بەشی سەرەکی و دەرئەنجام پێکدێت، لە بەشی یەکەم: سەرەتا باس لە پرۆسەی دروستکردنی بریاری سیاسی دەکەین خوێندنەوە بۆ پرۆسەکە دەکەین لەگەل ئەو هۆکارانەی کە کار لە پرۆسەکە دەکەن بەشێوەیەکی گشتی ، دواتر باس لە نمونەی دەیڤد ئیستن دەکەین و نمونەی پرۆسەی سیستەمی دەخەینەروو، لە کۆتایدا ئاماژە بە دامەزراوە فەرمی و نافەرمیەکان کە چۆن رۆڵیان هەیە لەو پرۆسەیەدا.

لە بەشی دووەم: باس لە پرۆسەی  بریاردانی سیاسی دەکەین لە هەرێمی کوردستان، سەرەتا خوێندنەوە بۆ سیستەمی سیاسی هەرێمی کوردستان دەکەین، پاشان دروستکردنی بریار دامەزراوە فەرمیەکان لە دەسەڵاتی یاسادانان ، جێبەجێکردن ودادوەری هەروەها دامزراوە نافەرمیەکان لە پارتی سیاسی ونوخبە و رای گشتی و سۆشیال میدیا دەخەیەنەروو.

### بەشی یەکەم/ پرۆسەی دروستکردنی بریاری سیاسی

بریار واتە کۆتای هێنان بە بیرکردنەوە دەربارەی پرسێک، دەکرێت بریار بەم شێوەیە پێناسە بکەین  ''بڕیاردان بریتییە لە بەکارهێنانی میتۆدۆلۆژیای زانستی و هەڵبژاردنی بەدیلێک لە نێوان چەندین بەدیلدا، بە مەرجێک ئەم بەدیلە زۆرترین سوودی بۆ تاکەکان هەبێت." لەبەر ئەوە بریار گونجاوترین ئامرازە بۆ چارەسەرکردنی کێشە [2].

بەشێوەیەکی گشتی توێژەران و پسپۆڕانی زانستە سیاسییەکان لەسەر پێناسەیەکی دیاریکراو  کۆک نین بۆ چەمکی بڕیاری سیاسی ، ئەمەش بەهۆی فرەیی چەمک و  ئەو ڕێبازانەی کە دەتوانرێت پشتی پێ ببەسترێت  بۆ شیکردنەوەی ئەم چەمکە. ئەمە جگە لە هەمەجۆریی سیستمە سیاسییەکان و میکانیزمەکانی حوکمڕانی لە سەرانسەری جیهاندا، ژمارەیەکی زۆر لە فاکتەرەکان کە لە سیستەمێکەوە بۆ سیستەمێکی تر و لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر جیاوازن، لە هەمان کاتدا ناکۆکی هەیە لەسەر قۆناغەکانی دروستکردنی بریاری سیاسی وشێوازی شیکردنەوەی و وەرگرتنی بریار. بڕیاری سیاسی پرۆسەیەکە لەدوای لێکۆڵینەوەی ورد و و قووڵ دێت کە تیایدا کێشەکە لە هەموو لایەنێکەوە خوێندنەوەی بۆ دەکرێت و بەدیلە جۆراوجۆرەکان دەخرێنەڕوو، ئەولەویەت و بەرژەوەندییەکان لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەکی دیاری دەکرێن. لەگەڵ گرنگیدان بە کاردانەوەکان کە لە دەرئەنجامی وەرگرتنی بریارەکە دروست دەبێت، جا چ لەسەر ئاستی ناوخۆیی یان ناوچەیی یاخود نێودەوڵەتی بێت[3].

پرۆسەی دروست کردنی بریار، پرۆسەیەکی ئالۆزە کۆمەلێک فاکتەری ناوەخۆ ودەرەکی کاریگەری لەسەر ئاراستەکردن و دارشتنی هەیە. بەتایبەتی دوای زیادبوونی لایەنەکانی بەشداربوو لە پرۆسەی بریاردان بەتایبەت رۆڵی سۆشیال میدیا و رای گشتی. پرۆسەی بڕیاردان سەرەتا بە پێناسەکردنی کێشەکە و زانینی هۆکارەکانی دەستپێدەکات، پاشان کۆکردنەوەی زانیاری، پەرەپێدانی بەدیلەکان و هەڵسەنگاندنیان بە مەبەستی هەڵبژاردنی باشترین بەدیل (بڕیارەکە)و پاشان هەڵسەنگاندنی لە

---

( [2] ) د.إعباسن زهية، رسم السياسة العامة و صنع القرار،جامعة الجزائر،كلية العلوم السياسية و العالقات الدولية،قسم التنظيم السياسي و االداري، مطبوعة مقدمة لطلبة السنة الثانية جذع مشرتك،٢٠٢١، ص ١٥-١٧.

( [3] ) زهرة صَاح، صناعة القرار السياسي، معهد البحرين للتنمية السياسية، ٢٠١٦، ص ٨-١٠، ٣٤، التاريخ الزيارة: ٢٠٢٥/٦/٢، https://www.bipd.org/publications/InstituteBooks/Politicaldecisionmaking.aspx

قۆناغی کۆتایشدا وەرگرتنی بڕیارە.کەواتە پرۆسەی دروستکردنی بڕیار لە چەند قۆناغێک پێکدێت ،بەڵام بڕیاردان پرۆسەیەکی ئالۆزە و قۆناغی کۆتاییە لە پرۆسەی دروستکردنی بڕیار[4].

پرۆسەی دروستکردنی بڕیار و بڕیاردان کۆمەڵێک فاکتەر لەخۆ دەگرێت لەوانە دەرونی، سیاسی ئابووری و کۆمەڵایەتی. دەکرێت بڵێین وەلام دانەوەی تاکەکەسی یان گروپێکە بە هەلبژاردنی گونجاوترین بەدیل لەبەرامبەر بارودۆخێکی دیاری کراو. بڕیاری سیاسی دەکریت لەلایەن کەسێکەوە دەربچێت کە تایبەتمەندی سیاسی هەیە( کەسایەتی سیاسی)، یاخود لەلایەن یەکێک لە ئۆرگانەکانی دەسەڵات لەسەر بابەتێک کە پەیوەندی بە سیاسەتی گشتی دەولەت هەیە. هەروەها بڕیاری سیاسی دوو مەرجی سەرەکی هەیە ئەویش شەرعیەت (واتە لەلایەن دەسەڵاتی یاسادانان دەردەچێی ورێگەپێدراوە)، پاپەندی (واتە هێزی جێبەجێکردنی هەیە).[5]

بڕیارەکان چ سیاسیبن یان ناسیاسی ئامانجیان ئەوەیە کە کاریگەرییان لەسەر کۆمەڵگا و سیاسەتی گشتی دەوڵەت و پێگەی دەوڵەت هەبێت ، چ لە ناوخۆ چ لە دەرەوە. واتە بڕیارەکان لە پێناوی دروستکردنی کاریگەریی بۆ چارەسەرکردنی کێشەیەک بۆیە پێویستە بڕیارەکان عەقڵانی بن بۆ ئەوەی کاریگەریی پێویست دروست بکات[6]. پرۆسەی بڕیاردان دیاردەیەکی گشتگیرە بریتییە لە جیاوازی نێوان بیرکردنەوە و پراکتیک وە بۆئەوەی پرۆسەکە سەرکەوتووبێ پێویستی بە دوو مەرجی سەرەکی هەیە؛ یەکەم بەردەستبوونی زیاتر لە بەدیلێک کە پەیوەندی بەو دۆخەوە هەیە کە بڕیاری لەسەر دەدرێت. دووەمیان هەڵبژاردنی عەقڵانییە بۆ بەدیلێکی دیاریکراو لە نێوان کۆمەڵە بەدیلی بەردەستدا[7].

بڕیاری سیاسی لەلایەن دەستەیەکی دیاریکراو دەدرێت بە مەبەستی ڕێکخستنی کاروباری بەرێوەبردنی دەولەت و پەیوەندی ناوەخۆ ودەرەکیەکان، لەگەل ئەوەش پێویستە بڕیاری سیاسی توانای جێبەجێ کردنی هەبێت لەلایەن دەسەڵات وە گوێڕایەڵی بکرێت لەلانە گەلەوە واتە توانای جێبەجێکردنی هەبێ بەسەر گەل.[8]

ڕۆڵی زانیاری لە پرۆسەی دروستکردنی بڕیار زۆر گرینگە بە ڕوونی دیارە، بەو پێیەی زۆر پشت بە ڕەوایی و وردبینی و بەردەستبوونی زانیاری دەبەستێت لە کاتی پێویستدا و بە ڕێژەیەکی پێویست. بۆ ئەوەی یارمەتی بڕیاردەر بدات هەموو لایەنەکانی ئەو دۆخە یان کێشەیەی کە ڕووبەڕووی دەبێتەوە بزانێت. لەبەر ئەوە تا زانیاری زیاتر بە بڕی پێویست و لە کاتی دیاریکراودا بەردەست بێت، بڕیاردەر زیاتر ئاگاداری هەموو لایەنەکانی کێشەکە دەبێت، وە تا زیاتر خزمەت بە چاکەی گشتی بکات بڕیاری سیاسی لە بڕیارێکی دروستەوە نزیکتر دەبێتەوە. زانیاری ڕۆڵێکی کاریگەری هەیە لە ستراتیژی دروستکردنی بڕیار بەگشتی و بڕیارە سیاسییەکان بەتایبەتی جا پەیوەندی بە بڕیاردانی ناوخۆیی یان دەرەکییەوە هەبێت، چونکە زانیاری بە بنچینەیەکی بنەڕەتی دادەنرێت کە قۆناغە یەکەمەکانی بڕیاردان لێیەوە دەست پێدەکات.[9]

---

( [4] ) د.إعباسن زهية، رسم السياسة العامة و صنع القرار،جامعة الجزائر،كلية العلوم السياسية و العالقات الدولية،قسم التنظيم السياسي و االداري، مطبوعة مقدمة لطلبة السنة الثانية جذع مشرتك،٢٠٢١، ص ١٥-١٧.

([5])مليكة بوضياف،السياسة العامة وصنع القرار،جامعة حسيبة بن بوعلي بالشلف،كلية الحقوق والعلوم السياسية، ٢٠١٩، ص٧٦.

( [6] ) زهرة صَاح، صناعة القرار السياسي، معهد البحرين للتنمية السياسية، ٢٠١٦، ص ٨-١٠، ٣٤، التاريخ الزيارة: ٢٠٢٥/٦/٢، https://www.bipd.org/publications/InstituteBooks/Politicaldecisionmaking.aspx

( [7] ) سعد السعيدي وبسمة خليل الاوقاتي،دور المعلومات في عملية صنع القرار السياسي الخارجي، دراسات دولية،العدد الخمسون،٢٠١١،ص ١٢، التاريخ الزيارة: ٢٠٢٥/٦/٢، https://jcis.uobaghdad.edu.iq/index.php/politics/article/view/250

( [8] ) دانا علی بەرزنجی،پرۆسەی دروستکردنی بڕیاری سیاسی دەرەکی، وەرگێرانی- یاسین زەنگەنە ،چاپی یەکەم، چاپەمەنی سیما، سلێمانی، ٢٠٠٤، لا ١٢، ١٥.

( [9] ) بن ازدري مريم و بن داود العربي، دور المعلومات في عملية صنع القرار السياسي، الجملة الجزائرية للعلوم اإلنسانية واالجتماعية، المجلد٣، العدد٢، ص٧٥-٧٧.

### ١.١/ئەو هۆکارانەی کاریگەرییان لەسەر دروستکردنی بڕیار هەیە

چەمکی دروستکردنی بڕیار لە بیرۆکە و تیۆری زانایان گرنگییەکی زۆری بەدەستهێناوە، لەبەر ئەوە هۆکارەکانی کە کاریگەری لەسەر دروستکردنی بریار هەیە زۆرن ،بەڵام دەکرێت ئەو هۆکارانە بەسەر سێ گروپ دابەش بکەین بەم شێوەیە [10]:

١/ هۆکاری کەسی یان پێکهاتەی دەروونی و کۆمەڵایەتی، ئەو کەسەی بڕیارەکە دەدات.

٢/هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان، کە وەسفی ئەو ژینگە کۆمەڵایەتییە دەکەن کە بڕیارەکە لە چوارچێوەیدا دەدرێت.

٣/ فاکتەری شارستانی یان کولتوورییەکان، کە باس لەو شێواز و داب و نەریتە دەکەن کە تاک و گروپەکان لەڕەفتارەکانیاندا لە کۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا بەڕێوەدەبەن.

هەروەها کۆمەڵێک هۆکار هەن کە کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر جۆری بڕیارەکە هەیە، کە بریتین لە بنەمای بڕیارێکی باش ، ژینگەی دەوروبەری بڕیاردان، کاتی بڕیارەکە و شێوازی گەیاندنی بڕیارەکە، هەروەها بەشداریکردنی ئەو کەسانەی پەیوەندییان بە بڕیارەکەوە هەیە .

### ٢.١/دیڤید ئیستن و تیۆری شیکاری سیستەم

بۆ تێگەیشتن لە پرۆسەی دورستکردنی بڕیارو فاکتەرە کارتێکەرەکان و لێکەوتەکانی، بە گرنگ دەزاندرێت کە تیشک بخرێتە سەر شێواز و تیۆرەکەی دەیڤید ئیستن. ئەم رێبازە بە یەکێک لە رێبازە باوەکان دادەنرێت لە لێکۆڵینەوەی چۆنیەتی دەرکردنی بڕیار و چالاکیی سیاسی لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەکی. جەخت دەکاتە سەر بەش و ئاستە جیاوازەکانی سیستەمی سیاسی کە چۆن لەگەڵ یەکتردا کارلێک دەکەن. رێبازی سیستەم لە بوارەکانی مەعریفەدا جگە لە زانستە سیاسییەکان پەرەی سەند، پاشان لەلایەن زانایانی سیاسییەوە "دەیڤید ئیستن David Easton" پەرەی سەندووە. بەپێی ئەم رێبازە سیستەم یەکەی شیکارییە و دەیڤید ئیستن وشەی "سیستەم"ی وەک کۆمەڵێک توخمە بەیەکەوە گرێدراو بەکارهێناوە کە لە رووی پێکهاتەیی و کارایی و بە شێوەیەکی رێکوپێک کارلێک دەکەن و هەر گۆڕانکارییەک کە لە هەر توخمێکدا ڕوودەدات کاریگەری لەسەر توخمەکانی تری سیستەمەکە دەبێت. بەم شێوەیە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە وشەی (سیستەم) هەموو شتێک دەگرێتەوە چ سیاسی بێ یان ناسیاسیی. بیرۆکەی خودی سیستەمەکە ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە دەتوانرێت چالاکیی سیاسی لە کۆی چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان جیا بکرێتەوە، لانیکەم بۆ مەبەستی شیکاری. لەبەر ئەوەی سیستەمی سیاسی بەردەوام لە کار و کاردانەوەیە لەگەڵ ژینگە دا و کارلێک دەکات لەگەلی، بۆیە شێوازی کارکردنی سیستەمەکە بەشێک دەبێت لە وەڵامدانەوەی ژینگەی کۆمەڵایەتی. کارلێکەکە چ لە نێوان ئەو یەکانەی کە سیستەمەکە پێکدەهێنن یان لە نێوان سیستەمەکە و دەوروبەرەکەیدا بێت، واتە کردارەکانی یەک یەکە کاریگەرییان لەسەر یەکەکانی تر هەیە. ئایدیالی هەر سیستەمێکی سیاسی، مانەوە و بەردەوامییە. بەم شێوەیە کاتێک سیستەم فشارە جۆراوجۆرەکانی ژینگەی ناوخۆیی و دەرەکی تووشی دەبێت، هەوڵدەدات بڕیار و سیاسەت بخاتە ژێر کاریگەری بەرژەوەندی و ئامانجەکانی خۆی. بەم کارە پرۆسەی خۆگونجاندن لەگەڵ فشارە جۆراوجۆرەکان ئەنجام دەدات. [11]

### دەیڤید ئیستن و مۆدێلی تێهاوێشتەکان (Inputs) و دەرهاوێشتەکان(Outputs)

---

([10]) د.طارق عبدالروف عامر، نظريات صنع القرار ومهاراته في الادارة التعليمية وطرق مواجهة مشكلاته، https://iefpedia.com/arab/wp-content/uploads/2010/03 1.pdf، التاريخ الزيارة:٢٠٢٥/٦/١.

([11]) د. مـى مجيـب ، إعادة قراءة "إيستون": قدرة نظرية حتليل النظم على التجدد،مجلة كلية الاقتصاد والعلوم السياسية - جامعة القاهرة، المجلد الثانى والعشرون، العدد الاول، ٢٠٢١، ص ١٣٤ . https://jpsa.journals.ekb.eg/article_148762.htmlالتاريخ الزيارة: ٢٠٢٥/٥/١٢.

بریاری سیاسی لەلای (دەیڤد ئستون) بریتییە ''لەوەی کە حکومەت دەیەوەێ بیکات یان لەوەی کە نەیکات'' .شیکارییەکی دینامیکی ژیانی سیاسی پێشکەش کرد کە تیایدا بازنەیەک دەبینێت کە بە زانیارییەکانی ناو ژینگە دەست پێدەکات و بە دەرهاوێشتەکان کۆتایی دێت، لەگەڵ پرۆسەیەکی فیدباک کە تێهاوێشتەکان و دەرهاوێشتەکان بەیەکەوە دەبەستێتەوە بەم شێوەیە،[12]

-تێهاوێشتەکان(Input)

تێهاویشتەکان واتا رەچاوکردنی کاریگەری ژینگەی ناوەخۆ ودەرەوە کە داینامیکی بە سیستەمەکە دەبەخشێت. تێهاویشتەکان بەردەوامی دەبەخشن بە سیستەمەکە. ئینپوتەکان دەکرێت داوەکارییەکانی خەڵک بێت، کە لەلایەن ژینگەی کۆمەڵایەتی ئاراستە دەکرێت پێویستیان بە گرنگیدانی تایبەت هەیە بەبێ دەست تێوەردانی سیستەم زاڵبوون بەسەریاندا سەختە و دەبێتە هۆی دارمانی سیستەمەکە. ئەم داواکاریانە یان بە شێوەیەکی پێکهاتەیی لەلایەن ئەو ئۆرگان و میدیایانەی کە ئەم داواکاریانە ڕیز دەکەن و فلتەر دەکەن و دەیانخەنە بەردەم دەسەڵاتی سیاسی ،یان پێوەرە کولتوورییە باوەکان هەن کە داواکارییەکان بەڕێوەدەبەن و ئاراستەیان دەکەن.

هەروەها تێهاوێستەکان دەکرێت پاڵپشتی بن وەک دڵسۆزی و پاڵپشتی و دارایی و پشتیوان . بەبێ کەمترین ئاستی پشتیوانی بەردەوامیی سیستەمی سیاسی دەکەوێتە مەترسییەوە و توانای ڕووبەڕووبوونەوەی فشاری دەرەکی کەمتر دەبێ.

- پرۆسەی گۆڕین

تێگەیشتنە لە داواکارییەکانی ژینگە لەناو پێکهاتەکانی سیستەمدا و دواتر ڕیزکردنیان بۆ گۆڕینی هەندێکیان بۆ بڕیار.

-دەرهاوێشتەکان (Outputs)


کاریگەرییەکانی سیستەم لەسەر ژینگە لە ڕێگەی بڕیار و سیاسەتەوە بۆ ڕوبەڕوبوونەوەی داواکارییەکان ئەنجام دەدرێت. دەرئەنجامەکان دەکرێت ئەرێنی بن بە جێبەجێکردنی داواکارییەکان یان نەرێنی بن بە پەنابردن بۆ بەکارهێنانی شێوازی سەرکوتکەر بۆ ڕێگریکردن لە داواکارییەکان. یاخود بە شێوەیەکی ڕەمزی بەڵێندان یان هاندانی هەستکردن بە ترس لە هەڕەشە دەرەکییەکان یان ناوخۆییەکان.

-فیدباک (Feedback)

ئاماژەیە بۆ پرۆسەی ڕۆیشتنی زانیاری لە ژینگەوە بۆ سیستەمی سیاسی سەبارەت بە ئەنجامی سیاسەتەکانی. بۆیە پرۆسەی کارلێککردنە لە نێوان تێهاوێشتە ودەرهاوێشتە، کە لە ژێر ڕۆشناییدا پرۆسەیەک بۆ ڕاستکردنەوەی ڕێڕەوی سیستەمی سیاسی بەڕێوەدەچێت.

---

([12]) رحاب وائل السيد، نظرية النظم ل دايفيد إيستون (وحاله تطبيقيه الواقع الإفريقي)، المركز الديمقراطي العربي، 5 أغسطس 2021، https://democraticac.de/?p=765430. التاريخ الزيارة ٢٠٢٥/٠٥/١٣.




**نموونەی دیفد ئیستون بۆ سیستەمی سیاسی**

**سەرچاوە:**

**David Easton, A Systems Analysis of Political Life, New York, 1965.**

## ٣.١/دارێژەرە فەرمی و نافەرمیەکانی پرۆسەی دروستکردنی بریاری سیاسی

**لەم باسەدا باس لە گرنگترین دامەزراوە فەرمیی و نا فەرمیەکان دەکرێت کە کاریگەریان لەسەر پرۆسەی دروستکردنی بریار هەیە ، ئەمەش بەندە بە سروشتی ئەو سیستەمە سیاسییەی کە لەو وڵاتەدا هەیە.بەم شێوەیە لە دامەزراوە فەرمیەکان تیشک دەخەینە سەر دەسەڵاتی یاسادانان و ڕۆڵی لە پرۆسەی دروستکردنی بریار و لە دەسەڵاتی جێبەجێکردن هەروەها تیشک دەخرێتە سەر دەسەڵاتی دادوەری. لە دامەزراوە نافەرمیەکان ئاماژە بە پارتە سیاسیەکان، نوخبە، گروپی فشار و رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی هاروەها رۆڵی سوشیال میدیا و رای گشتی لە پرۆسەی دروستکردنی بریاری سیاسی دەخەینەروو.**

### ١.٣.١/ دامەزراوە فەرمیەکان لە پرۆسەی دروستکردنی بریار

**یەکەم/ دەسەڵاتی یاسادانان:** دەسەڵاتی یاسادانان ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە پرۆسەی دروستکردنی بریار و دەسەڵاتێکی گەورەی هەیە. دەسەڵاتی یاسادانان خاوەنی دەسەڵاتی یاسادانان و دەسەڵاتی دانانی بودجەی گشتی دەوڵەتە. دەسەڵاتی یاسادانان لەسەر بنەمای بوونی کۆمەڵێک ئەرکی بنەڕەتی لە چوارچێوەی سیستەمی سیاسیدا دامەزراوە و گرنگترینی ئەو ئەرکانە بریتین لە یاسادانان، دەستوور و هەموارکردنی، ئەرکی دارایی، ئەرکی جێبەجێکردن، و ئەرکی لێکۆڵینەوە و بڵاوکردنەوە و ئاشکراکردنی زانیاری. دەسەڵاتی یاسادانان ڕۆڵی ناوەندی دەگێڕێت لە یاسادانان و دەرکردنی بریارەکان[13] . یاسادانان بەردی بناغەی دیموکراسیە وەک گۆڕەپانی سەرەکی بۆ داڕشتن و دەرکردنی یاساکان کاردەکەن. وە لیژنەکانی یاسادانان ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن لەرێگای ئەنجامدانی لێکۆلینەوە بۆ پرسەکانی سیاسەت.لەم چوارچێوەیەدا شەفافیەت و گشتگیر یاساکان هۆکاری سەرەکین بۆ بەرزکردنەوەی متمانەی گشتی و شەرعیەتی یاسادانان.[14]

جگە لەوەش دەسەڵاتی یاسادانان تەنها بۆ بەرژەوەندییە پەراوێزخراوەکانی گروپە سیاسییەکان نیە،بەڵکو سەکۆیەکە بۆ نوێنەرایەتی کردن .هەروەها دەسەڵاتەکانی هەمەچەشنە لە خستنەروی تروانین بۆ بەدیلەکان و کارکردن بۆ مافەکانی کەمینەکان لە داڕشتنی سیاسەتی نیشتمانیدا . چاکسازی کردن لە بریارەکان و سەربەخۆ بوونی لیژنەکان لە ئاستێکی بەرز وە زیادکردنی بەژداری گشتی و شەفافیەت وادەکەن بریارەکان کاریگەرتر و گشتگیرتر بن ، ئەمەش وادەکات دەسەڵاتی یاسادانان بەهێزتربێت. [15] بۆیە دەکرێت بوترێت دەسەڵاتی یاسادانان لەرێگەی ئەنجامدانی مشتومڕی قووڵ و لێپرسینەوە و دەنگدانی لایەنەکان، بە لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی گشتی سیاسەتی بەرجەستە دەکات کە کارلێکە کۆمەڵایەتییەکان بەڕێوەدەبەن. بەم شێوەیە پاراستنی سەربەخۆیی و لێهاتوویی دەسەڵاتی یاسادانانی بۆ دیموکراسی مۆدێرن زۆر گرنگە.

**دووەم/ دەسەڵاتی جێبەجێ کردن:** واتە جێبەجێ کردنی بریارەکان کە دەکەوێتە چوارچێوەی سیاسەتی گشتی بەرنامەی حوکمڕانی دەولەت. دەسەڵاتی جێبەجێ کردن بەپێی جۆری سیستەمی سیاسی دەولەت ئاست و شێوازی کاریگەری دەگۆڕێت. هەروەها دەسەڵاتەکانی سەرکردە لە پرۆسەی دروستکردنی بریار رۆلێکی گرینگ و کاریگەری هەیە.لەبەر ئەوە گرینگە هاوسەنگی لەنێوان هەردوو دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن هەبێ. دەسەڵاتی جێبەجێکردن بزوێنەری جێبەجێکردنی سیاسەت و بەڕێوەبردنی گشتییە، ئەرکی بەڕێوەبردنی ڕۆژانەی کاروباری حکومەتەکەی پێسپێردراوە. دەسەڵاتی جێبەجێکردن کاریگەرییەکی بەرچاوی هەیە لە داڕشتنی هەردوو ئاراستەی ستراتیژی و ئەولەویەتەکانی کارکردنی حکومەت ، لە زۆرێک لە سیستەمی سیاسیەکاندا ڕۆڵی دەسەڵاتی جێبەجێکردن تەنها لە ئیدارەکردن تێدەپەڕێت بۆ دانانی کارنامە و بەڕێوەبردنی قەیرانەکان و هەندێکجاریش داهێنانی سیاسەت لەخۆدەگرێت[16].

ناوەندی ئەرکی دەسەڵاتی جێبەجێکردن بریتییە لە داڕشتنی ستراتیژییە نیشتمانییەکان کە باس لە پرسە ئاڵۆزەکانی وەک گەشەپێدانی ئابووری، تەندروستی گشتی و ئاسایشی نیشتمانی دەکەن. کارگێڕان کۆمەڵێک ئامراز بەکاردەهێنن لە فەرمانی

(13) علی حسن یوسف فتاح، دور الموسسات الرسمية وغير الرسمية في صنع السياسات العامة، مجلة العلوم الانسانية لجامعة زاخو، ٢٠١٨/١٢/٣٠، ص ١٠٦٠، 2018.6.4.433/10.26436https://doi.org/

(14) Jon Green, Jonathon Kingzette, and Michael Neblo, Deliberative Democracy and Political Decision Making , May 2019, p4 https://polisci.osu.edu/sites/default/files/OxfordEncDelibDecisionMake.pdf

(15) John C. Duncan, A CRITICAL CONSIDERATION OF EXECUTIVE ORDERS: GLIMMERINGS OF AUTOPOIESIS IN THE EXECUTIVE ROLE, Vermont Law Review, Vol. 35:333,2010, p337 https://lawreview.vermontlaw.edu/wp-content/uploads/2012/02/10-Duncan-Book-2-Vol.-35.pdf

(16) Michele Waslin, The Use of Executive Orders and Proclamations to Create Immigration Policy: Trump in Historical Perspective, Journal on Migration and Human Security, 2020,vol8(1),p30. https://doi.org/10.1177/2331502420906404

ISSN-Print: 2079-3901
ISSN-Online: 3005-396X

جێبەجێکردن و فەرمانە ڕێکخراوەییەکانەوە بۆ پلاندانانی ستراتیژی و تەرخانکردنی بودجە بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتەکان بە شێوەیەکی کاریگەر[17].

جگە لەوەش، پەرەسەندنی تەکنەلۆژیا دیجیتاڵییەکان گۆڕانکاری بەسەر دەسەڵاتی جێبەجێکردندا هێناوە. پێشکەوتن لە شیکاری داتا، پەیوەندی دیجیتاڵی و زیرەکی دەستکرد دەسەڵاتی جێبەجێکاری بەهێز کردووە بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی کاراتر کاربکەن و سیاسەتەکان بە وردبینییەکی بێ وێنە دابڕێژن، بەڵام ئەم داهێنانە تەکنەلۆژییانە هەروەها تەحەدای نوێ سەبارەت بە نهێنی داتا، ئاسایشی ئەلیکترۆنی و مەترسییەکانی هێزی دیجیتاڵی ناوەندی دەوروژێنن ،نیگەرانییەکان جەخت لەسەر گرنگی هاوسەنگ کردنی داهێنان لەگەڵ چوارچێوەی یاسایی و ڕێکخراوەیی بەهێز دەکاتەوە[18].

لە کۆتاییدا دەسەڵاتی جێبەجێکردن ڕۆڵی فرەلایەنی هەیە لە پرۆسەی بڕیاردانی سیاسیدا. لە داڕشتنی ستراتیژی نیشتمانی و دانانی ئەجێندای سیاسەتەوە تا بەڕێوەبردنی قەیرانەکان و بەشداریکردن لە دیپلۆماسی نێودەوڵەتی، کاریگەریی دەسەڵاتی جێبەجێکردن دوور مەودایە. بەڵام لەهەمان کاتدا چڕبوونەوەی دەسەڵات لەناو دەسەڵاتی جێبەجێکردندا پێویستی بە چاودێری و چاکسازیی هەیە بۆ دڵنیابوون لەوەی کە کارایی لەسەر حیسابی لێپرسینەوەی دیموکراسی نەبێت.

**سێیەم/دەسەڵاتی دادوەری:** ئەم دەسەڵاتە ڕۆڵێکی بنەڕەتی هەیە لە پرۆسەی دروستکردنی بڕیار، کە زیاتر ڕۆڵی نێوەندگیری وچاودێری کردن دەبینێت وەک لەوەی بەشێک بێت لە دارشتنی پرۆسەی بڕیاردان. بۆ نموونە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا کە دەقی یاساییەکان دەخرێنە بەردەمی دادگا پێداچوونەوە بکات، و ڕەنگە پێشنیاری هەموارکردنەوە یان هەڵوەشاندنەوەیان بکات. بەڵام سەبارەت بە بەریتانیا دەسەڵاتی دادوەری دەسەڵاتی هەڵوەشاندنەوەی یاسا یان فەرمانە دەستوورییەکان وەک ئەوەی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا نیە. سەبارەت بە سیستمە سیاسییەکانی وڵاتانی تازەپێگەیشتوەکان، هەژموونی دەسەڵاتی جێبەجێکردن و پەیوەندییەکەی لەگەڵ دەسەڵاتی یاسادانان لە دەسەڵاتی دادوەریشدا ڕەنگدانەوەی هەبووە[19].

دەسەڵاتی دادوەری ڕۆڵی سەرەکی لە پرۆسەی بڕیاردانی سیاسیدا بریتییە لە لێکدانەوەی یاساکان و پاراستنی مافەکان و دڵنیابوونە لەوەی کە کردەوەکانی حکومەت لەگەڵ ستاندارده دەستووری و یاساییەکاندا دەگونجێت. دەسەڵاتی دادوەری سەربەخۆ بۆ پاراستنی هاوسەنگی هێز و پاراستنی ئازادییەکانی تاک لە بەرامبەر کردەوەی ئارەزوومەندانەی دەوڵەتدا زۆر گرنگە[20]. دەسەڵاتی دادوەری لە ڕێگەی دەسەلاتەکانی هەلوەشاندنەوەی یاسا و فەرمانی جێبەجێکردن، یان پراکتیزە کارگێڕییەکان کە لەگەڵ دەستوور یان بنەما یاساییە دامەزراوەکاندا ناتەبا و دژە، وەک قەڵایەک لە دژی پراکتیزە نادەستوورییەکان کاردەکات.[21].

---

([17] ) SusanWebbYackee, Executivepolicymakinginfluenceviathe administrativeapparatus, PublicAdminRe, 19March2024, https://doi.org/10.1111/puar.13899

([18] ) Zhigang Li, , Bingyuan Xie , & Ximing Chen and Qilong Fu ,. "Corporate digital transformation, governance shifts and executive pay-performance sensitivity," International Review of Financial Analysis, Elsevier, vol. 92(C),2024, p2. https://doi.org/10.1016/j.irfa.2023.103060

([19] ) علی حسن یوسف فتاح، دور الموسسات الرسمية وغير الرسمية في صنع السياسات العامة، مصدر سابق،ص ١٠٦٢.

([20] ) Keya Agarwal, How Does Political Polarization Impact Legislative Gridlock And Policy-Making Processes, Journal Of Humanities And Social Science, Volume 29, Issue 10, Series 6, October, 2024, H2910065364[1].pdf

([21])Annabelle Lever, Democracy and judicial review: are they really incompatible? , LSE Research Online, December 2009, http://eprints.lse.ac.uk/23097/ http://eprints.lse.ac.uk/23097/

زۆرجار دادگاکان وەک شوێنی تاک و گروپەکان کاردەکەن بۆ تەحەدای ئەو کارانەی دەوڵەت کە پێشێلکردنی مافە بنەڕەتییەکانن. یاسای نێودەوڵەتی مافی مرۆڤ و گەرەنتییە دەستوورییە ناوخۆییەکان هەم لەلایەن دەزگاکانی دادوەرییەوە لێکدەدرێنەوە و هەم جێبەجێ دەکرێن، بەمەش پاراستنی ئازادییە مەدەنییەکان بەهێزتر دەبن[22].

دەسەڵاتی دادوەری جگە لەمەر ئەرکانە ، ڕۆڵێکی ڕەمزی گرنگ دەگێڕێت لە بەرزڕاگرتنی بنەماکانی دادپەروەری و یەکسانی لەبەردەم یاسادا. زۆرجار متمانەی گشتی بە دەسەڵاتی دادوەری وەک ئاماژەیەک بۆ تەندروستی گشتی سیستەمێکی دیموکراسی سەیر دەکرێت. ئەم متمانەیە لەسەر بنەما سەرەکییەکانی وەک سەربەخۆیی دادوەری شەفافیەت لە کاروبارەکانی دادگا بنیات نراوە کاریگەری دەسەڵاتی دادوەری ڕۆڵی لە پاراستنی مافەکانی مرۆڤیشدا دیارە[23]. داهێنانە دیجیتاڵییەکان دەستڕاگەیشتن بە دادپەروەری باشتر کردووە، خێرایی چارەسەرکردنی کەیسەکانیان زیاد کردووە و شەفافیەتی ڕێوشوێنە دادوەرییەکانیان بەرزکردووەتەوە.سەرەڕای ئەوەش ئەم پێشکەوتنانە نیگەرانییەکی بەرچاو سەبارەت بە ئاسایشی داتا، دابەشبوونی دیجیتاڵی و ئەگەری وەرینی ئەم پارێزبەندییە کە مافەکانی داواکاران دەپارێزن دەوروژێنن[24].

بە کورتی ڕۆڵی دەسەڵاتی دادوەری لە پرۆسەی بڕیاردانی سیاسیدا ،بە لێکدانەوەی یاساکان و پێداچوونەوە بە کردەوەی جێبەجێکردن و یاسادانانەکان و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ، وەک پشکنینێکی بنەڕەتی بۆ دەسەڵاتی دەوڵەت کاردەکات. کاریگەرییەکەی پەیوەستە بە پاراستنی پلەیەکی بەرزی سەربەخۆیی، شەفافیەت و وەڵامدانەوەی ئاستەنگە سەرهەڵداوەکان لەگەڵ پەرەسەندنی سیستەمی سیاسی مۆدێرن.

### ٢.٣.١/ دامەزراوە نافەرمیەکان لە پرۆسەی دروستکردنی بڕیار

**یەکەم/ پارتە سیاسیەکان:** ڕۆڵی پارتە سیاسییەکان بەپێی سیستەمە سیاسییەکان دەگۆڕێت، بەو پێیەی سروشتی سیستەمی سیاسی بە هەر جۆرێک بێت کاریگەری لەسەر پرۆسەی دروستکردنی بڕیار و بڕیاردان هەیە. بۆ نموونە ئەگەر سیستەمەکە دیموکراسی بێت ئەمە واتە بەشدارییەکی بەرفراوان لە ڕاوێژکارییەکاندا هەیە، ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی چەندین ناوەندی بڕیار. بەڵام ئەگەر سیستەمی سیاسی لە سەر سیستەمی تاک حزبی دامەزرا بوو، ئە وە مانای ئەوەیە کە حیزب تاکە دەزگایە کە توانای بڕیاردانی هە یە[25].پارتە سیاسییەکان ئەندازیاری ڕێکخستنی سیاسین و بنەمای کارکردنی دیموکراسییە مۆدێرنەکانن. پارتە سیاسییەکان نەک تەنها پرۆسەی هەڵبژاردنەکان دادەڕێژن بەڵکو وەک میکانیزمی سەرەکی بۆ داڕشتنی سیاسەت لەناو دامەزراوە یاسادانانەکاندا کاردەکەن[26]. هەروەها پارتە سیاسییەکان وەک

---

([22])Anthony Lester, The judicial protection of human rights in the commonwealth, Journal of Commonwealth Law and Legal Education, 1:1, 3-12, 2001 , http://dx.doi.org/10.1080/14760400108522884

([23])Richard C. Cahn, Restoring Trust in the Judiciary: A Critical, High Priority Project for the Biden Administration , Touro Law Review, Vol. 36: No. 4, 2021, https://digitalcommons.tourolaw.edu/lawreview/vol36/iss4/15? PDFCoverPages

([24])Kappiarathel, Shahsoor Muhammad. “Legal Tech and the Future of Litigation: Transforming Justice Through Innovation”. Indiana Journal of Arts & Literature 6, no. 2 (February 26, 2025): 01–04. https://doi.org/10.5281/zenodo.14970194.

( [25]) سلام علی احمد المشهداني، صنع القرار سياسي في الولايات المتحدة الامريكية، الاكاديمية العربية المفتوحة في الدنمارک، كلية القانون والسياسة،٢٠١٣، ص ٦٤-٦٥. pdf9file:///C:/Users/hp/Desktop/A.

([26] ) Maxwell E. McCombs and Donald L. Shaw, The agenda-setting function of mass media, The Agenda Setting, Journal, 1(2), September 2017, https://www.researchgate.net/publication/317122086_The_Agenda-Setting_function_of_mass_media

ISSN-Print: 2079-3901
ISSN-Online: 3005-396X

نێوەندگیری لە نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگەی مەدەنیدا کاردەکەن. ئەم ڕۆڵە نێوەندگیرییە لە کاتێکدا ڕێگە بە حزبەکان دەدات دیدگای جۆراوجۆر تێکەڵ بکەن، بەڵام دەتوانێت ببێتە هۆی پەراوێزخستنی بۆچوونی کەمینەکان [27].

سەرهەڵدانی بانگەشەی دیجیتاڵی و کۆکردنەوەی خەڵک بە ئۆنلاین داینامیکی ئۆپەراسیۆنی پارتە سیاسییەکانی گۆڕیوە. پلاتفۆرمە دیجیتاڵییەکان وایکردووە لایەنەکان ڕاستەوخۆ پەیوەندی لەگەڵ دەنگدەران بکەن و لە ڕێگەی پەیامی ئامانجدارەوە پشتیوانی کۆبکەنەوە. ئەم داهێنانە دیجیتاڵیانە کەناڵی نوێیان بۆ بەشداریکردنی سیاسی کردۆتەوە، هەرچەندە تەحەدای پەیوەست بە پاراستنی نهێنی داتا و بڵاوبوونەوەی زانیاری هەڵەش دروست دەکەن، هاوسەنگی نێوان پێکهاتە ڕێکخراوەییەکانی تەقلیدی و تاکتیکی نوێی میدیایی بەردەوامە لە پەرەسەندنە[28].

لە کۆتاییدا دەکرێت بڵێین،پارتە سیاسییەکان ڕۆڵێکی حەتمی دەگێڕن لە داڕشتنی پرۆسەی بڕیاردانی سیاسیدا. حزبەکان بە کۆکردنەوە و خستنەڕووی بەرژەوەندییەکانی گروپە کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەکان، نەک هەر ئاسانکاری بۆ داڕشتنی سیاسەت دەکەن، بەڵکو وەک ڕووکارێکی گرینگ لە نێوان دەنگدەران و دەوڵەتدا کاردەکەن. بەڵام کاریگەرییەکانیان بە ناوبژیوانی هەردوو داینامیکی ناوخۆیی و فشارە دەرەکییەکانە، ئەمەش جەخت لەسەر ئاڵۆزی ڕۆڵیان لە دیموکراسییە مۆدێرنەکاندا دەکاتەوە.

**دووەم/ گروپەکانی فشار:** دەستەواژەی گروپەکانی فشار بۆ ئەو گروپانە یان ڕێکخراوە ناحکومییەکان بەکاردێت کە بە هەموو توانایانەوە کارێکی زۆر دەکەن بۆ فشارخستنە سەر حکومەتەکان بۆ ئەوەی بڕیارە سیاسییەکان لە بەرژەوەندی خۆیاندا بجوڵێنن و ناوەندەکانی داڕشتنی سیاسەت کۆنترۆڵ بکەن . ئەو گروپەش پێگەی گروپی فشار بەدەست دەهێنێت ئەگەر توانای کاریگەری سیاسی دروست بکات لە کاتی بڕیاردان. هێزی گروپەکانی فشار لە ژینگەیەکی سیاسییەوە بۆ ژینگەیەکی تر دەگۆڕێت و بەپێی سروشتی سیستەمی سیاسی، لەسیستەمە لیبراڵەکان زەمینەیەکی بەپیت دادەنرێت بۆ گەشەی ئەو گروپانە ، بەڵام ڕژێمە دیکتاتۆرەکان ڕێگە بە گەشەکردنی ئەو گروپانە نادەن ئەمەش وایان لێدەکات سنووردار و لاواز بن. بۆ نموونە گروپەکانی فشار لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا فشاری جۆراوجۆر دەخاتە سەر کۆنگرێس بۆ گەیشتن بە بەرژەوەندییەکانی، بە کاریگەریکردن لەسەر دامەزراوە یاسادانان و جێبەجێکردنەکان جا لە ڕێگەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بێت [29].

**سێیەم/ رای گشتی:** مەبەست لێی هەڵوێستی زۆرینەی خەڵک یان گروپێکی هۆشیارانە بەرامبەر بە پرسێکی گشتی کە بابەتی گفتوگۆ و مشتومڕە. ڕای گشتی بە یەکێک لە فاکتەرە گرنگەکان دادەنرێت لە پرۆسەی بڕیاردان. ناتواندرێت نکوڵی لە پەیوەندی نزیکی ڕای گشتی و بڕیاردان بکات لە کۆمەڵگا جۆراوجۆرەکان و سیستەمی سیاسیەکان، لەبەر ئەوە ڕای گشتی یەکێکە لەو فاکتەرە گرینگانەی کە کار لە بڕیاردان دەکات ، بەبێ گوێدانە فۆرمی ئەو سیستەمە سیاسییەی کە کۆنترۆڵی دەسەڵاتی حکومەت دەکات. هەروەها چەند ئامرازێک هەن کە یارمەتی کۆکردنەوە و دروستکردنی بیروڕای گشتی دەدەن گرنگترینیان؛ پارتی سیاسی، گروپەکانی فشار ، دەسەڵاتی سیاسی و راگەیاندن. لەگەل ئەوەش لە سەردەمی ئێستادا لەگەڵ سەرهەڵدانی تەکنۆلۆژیا و بوونی ئامرازە پێشکەوتووەکانی پەیوەندیکردن ڕای گشتی ئاسان بووە. گرنگی بیروڕای گشتی لە

---

([27])Joe Foweraker. "Grassroots Movements and Political Activism in Latin America: A Critical Comparison of Chile and Brazil." Journal of Latin American Studies 33, no. 4 ,2001, p8. http://www.jstor.org/stable/3653766.

([28])SusanWebbYackee, Executivepolicymakinginfluenceviathe administrativeapparatus, PublicAdminRe, 19March2024, https://doi.org/10.1111/puar.13899

([29]) سلام على احمد المشهداني، صنع القرار سياسي في الولايات المتحدة الامريكية، مصدر سابق، ص ٦٦.

ژیانی سیاسیدا دروستکەرانی بڕیار بەرەو هەوڵدان بۆ کۆنترۆڵکردنی دەبات، و سروشتی ئەم کۆنترۆڵەش پەیوەستە بە بوونی میدیای ڕێکخراو و کارا و چاودێری مەرکەزی[30].

لە کۆتاییدا ڕای گشتی هەم وەک ئاوێنە و هەم وەک قاڵبێک بۆ سیستەمی سیاسی کاردەکات. ڕەنگدانەوەی بەها و ئەولەویەتەکانی هاوڵاتییە، لە هەمان کاتدا چالاکانە ئاراستەی سیاسەت دادەڕێژێت. لە ڕێگەی میکانیزمەکانی وەک ڕاپرسی و مشتومڕی میدیایی و کۆکردنەوەی خەڵکەوە، ڕای گشتی کاریگەرییەکی بەهێزی هەیە کە دەتوانێت شەرعیەتی سیاسەتەکانی حکومەت بەهێز. بۆیە تێگەیشتن لە تواناکانی ڕای گشتی لە پرۆسەی بڕیاردانی سیاسی فراوانتر و پەرەپێدانی ستراتیژییەتی حوکمڕانی وەڵامدەرەوە و بەرپرسیارانە زۆر گرنگە.

**چوارەم/ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی:** ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی نوێنەرایەتی هێزی بەکۆمەڵی ئەکتەرە ناحکومییەکان دەکات کە لە دەرەوەی دامەزراوە سیاسییە فەرمیەکان کاردەکەن. ئەم پۆلە فراوانە ڕێکخراوە ناحکومییەکان، گروپە کۆمەڵایەتییەکان، تۆڕەکانی داکۆکیکردن و بزووتنەوەکان لەخۆدەگرێت کە کاردەکەن بۆ پێشخستنی شەفافیەت، لێپرسینەوە و دادپەروەری کۆمەڵایەتی. ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی وەک چاودێرێک کاردەکەن کە هەم لە نوخبەی سیاسی و هەم لێپرسینەوە لە دامەزراوەکان دەکەن[31].

زۆرجار کاریگەری کۆمەڵگەی مەدەنی لەو چوارچێوەیەدا زۆرتر دیارە کە کەناڵە سیاسییە تەقلیدییەکان بێ کاریگەرن یان وەڵامدەرەوە نین. لەم جۆرە ژینگەیەدا ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکان هاوڵاتیان کۆدەکەنەوە، نارەزایەتی ڕێکدەخەن و بەشداری هەڵمەتی داکۆکیکردن دەکەن کە سەرکردە سیاسییەکان ناچار دەکەن وەڵامی ئەو پرسە بدەنەوە کە بە پێچەوانەوە پشتگوێ دەخرێن. لەبەر ئەوە فشاری بەردەوامی کۆمەڵگەی مەدەنی بووەتە هۆی چاکسازی بەرچاوی سیاسەت، لەوانە شەفافیەتی زیاتر لە کارەکانی حکومەت و چارەسەرکردنی ناڕەزایەتییە گشتیەکان [32]. بەشدارییەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی تەنیا لە ڕۆڵی دژبەرانەدا سنووردار نییە، هەروەها شارەزایی پێشکەش دەکەن و بەدیلەکانی سیاسەت پێشنیار دەکەن. بۆ نموونە، گروپە داکۆکیکارەکان کە سەرنجیان لەسەر پرسە ژینگەییەکانە، بە سەرکەوتوویی لۆبییان کردووە بۆ یاسادانان کە پەرە بە گەشەپێدانی پراکتیکی بەردەوام بدەدان[33].

ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە ڕێگەی سۆشیال میدیا و پلاتفۆرمەکانی ئۆنلاینەوە دەستڕاگەیشتنەکانیان فراوانتر کردووە. ئەم ئامرازە دیجیتاڵیانە ڕێگە بە ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکان دەدەن کە هەڵمەتە نێودەوڵەتییەکان ڕێکبخەن، زانیاری بە خێرایی هاوبەش بکەن و پشتگیری جیهانی بۆ دۆزی ناوخۆیی کۆبکەنەوە. بەڵام لەهەمان کاتدا بێ کەموکوڕی نییە، لەوانەش ئەگەری زانیاری هەڵە و دەستکاریکردنی گێڕانەوەی ئۆنلاین تەحەدایەک کە کۆمەڵگەی مەدەنی بەردەوام هەوڵدەدات لە ڕێگەی دەستپێشخەرییەکانی پشکنینی ڕاستییەکان و پراکتیکەکانی پەیوەندی شەفافەوە تێپەڕێت[34].

بە کورتی کۆمەڵگەی مەدەنی بە دابینکردنی کەناڵێکی بەدیل بۆ بەشداریکردنی سیاسی و لێپرسینەوە و چاکسازی پایەیەکی گرینگ لە دیموکراسییە مۆدێرنەکاندا پێکدەهێنێت.لەگەڵ بەردەوامبوونی پەرەسەندنی دیمەنە سیاسییەکان، ڕۆڵی کۆمەڵگەی مەدەنی لە سیستەمی سیاسی گشتگیرتر و شەفافتردا دەمێنێتەوە.

---

([30]) نفس مصدر، ص ٦٧-٦٨.

([31])Joe Foweraker. "Grassroots Movements and Political Activism in Latin America: A Critical Comparison of Chile and Brazil." Journal of Latin American Studies 33, no. 4 ,2001,p10. http://www.jstor.org/stable/3653766.

([32]) SusanWebbYackee, Executivepolicymakinginfluenceviathe administrativeapparatus, PublicAdminRe, 19March2024, https://doi.org/10.1111/puar.13899

([33] ) Susanne Wallman Lundasen, Civil Society and Political Participation, Swiss Political Science Review ,21(1),2014,p40. doi:10.1111/spsr.12140.

([34])Jennifer Gandhi., Ben NobleMilan Svolik. Legislatures and Legislative Politics Without Democracy. Comparative Political Studies, 53(9), 2020,. https://doi.org/10.1177/0010414020919930

**پێنجەم/ نوخبەی سیاسی** :نوخبە سیاسییەکان بەهۆی دەستڕاگەیشتنیان بە دەسەڵات و زانیاری و سەرچاوەکان، ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕن لە ئاڕاستەکردنی پرۆسەی بڕیاردانی سیاسیدا. ئەم نوخبەیانە کە بەرپرسانی باڵای حکومەت و یاسادانەرانی باڵا و بیرۆکراتە کاریگەرەکان لەخۆدەگرن، کۆنترۆڵی بەرچاویان بەسەر ئەجێنداکانی سیاسەتدا هەیە. چڕبوونەوەی دەسەڵات لە نێوان نوخبە سیاسییەکاندا دەتوانێت ببێتە هۆی بڕیاردانی سیاسەت کە بە شێوەیەکی ستراتیژی داڕێژراون بۆ پاراستنی دۆخی ئێستا و پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان[35].

زانایان بەردەوام مشتومڕیان لەسەر ئەوە کردووە کە تا چەند نوخبە سیاسییەکان کاریگەرییان لەسەر بڕیارەکانی سیاسەت هەیە. بەشێکیان باوەڕیان وایە کە سیاسەتەکانی نوخبە زۆرجار ڕەنگدانەوەی بەرژەوەندییە تەسکەکانن و کەمتر وەڵامدەرەوەن بۆ پێداویستییەکانی هاولاتیان[36]، شارەزایان دان بەوەدا دەنێن کە نوخبە سیاسییەکان شارەزایی و ئەزموونی بە نرخ دەهێننە ناو پرۆسەی بڕیاردان لە بوارە ئاڵۆزەکانی سیاسەتدا وەک ئاسایشی نیشتمانی، بەڕێوەبردنی ئابووری، یان تەندروستی گشتی ، کە زۆرجار شارەزایی نوخبە بۆ داڕشتنی ستراتیژی کاریگەر زۆر گرنگە. زانیاری تایبەتمەندی نوخبە سیاسییەکان دەتوانێت پردێک لە نێوان بیرۆکەی سیاسەتی ئەبستراکت و جێبەجێکردنی پراکتیکیدا دروست بکات[37].

بەشێوەیەکی گشتی لە کاتێکدا نوخبەی سیاسی ڕۆڵێکی حەتمی لە پرۆسەی سیاسەتدا دەگێڕێت بە دابینکردنی سەرکردایەتی و شارەزایی و ئاڕاستەی ستراتیژی تەحەدا بۆ دیموکراسییە مۆدێرنەکان ئەوەیە کە سوودەکانی شارەزایی نوخبە بەکاربهێنن لە هەمان کاتدا مەترسییەکانی وەڵامنەدانەوە کەم بکەنەوە ئەرکێک کە پێویستی بە چاکسازی و وریایی بەردەوام هەیە لە بەرامبەر پەرەسەندنی دیمەنە سیاسییەکان.

**شەشەم/ میدیا** : میدیا لە ڕابردووەوە وەک یەکێک لە کاریگەرترین ئەکتەرەکان لە پرۆسەکانی بڕیاردانی سیاسیدا دانپێدانراوە، نەک تەنها وەک ڕێڕەوێک بۆ بڵاوکردنەوەی زانیاری بەڵکو وەک داڕشتنێکی چالاک بۆ کارنامەی گشتی[38]. جگە لەوەش هاتنی میدیای دیجیتاڵی ئەم کاریگەرییەی زیاتر گەورەتر کردووە. پلاتفۆرمی سۆشیال میدیا و دەزگاکانی هەواڵی ئۆنلاین و بلۆگەکان سەرچاوەی زانیارییەکانیان هەمەچەشن کردووە و ژینگەیەکی کێبڕکێیان بۆ سەرنجدان دروستکردووە. بەڵام ئەم پارچەپارچەبوونە بووەتە هۆی تەحەددای پەیوەست بە زانیاری هەڵە و لایەنگری حزبی. بەرژەوەندییەکانی

---

([35])Ibrahim A. Salawu, The Elite Theory in the Context of Public Policy Making, International Journal of Emerging Multidisciplinaries: Social Science, 2 (2) ,2023, https://doi.org/10.54938/ijemdss.2023.02.2.209

([36])Anthony Lester, The judicial protection of human rights in the commonwealth, Journal of Commonwealth Law and Legal Education, 1:1, 3-12, 2001 , http://dx.doi.org/10.1080/14760400108522884

([37])Guy Schleffer, Benjamin Miller, The Political Effects of Social Media Platforms on Different Regime Types , *The Texas National Security Review,vol4 (3),* Summer 2021, p85, .http://dx.doi.org/10.26153/tsw/13987

([38] ) Layla Albadri, The Influence of the Media on Political Decisions, Academic International Journal of Social Sciences and Humanities, 2 (2), 2024, https://doi.org/10.59675/S225

دەوڵەت و کۆمپانیاکان هەندێکجار هاوبەشی کەناڵە میدیاییەکان دەکەن، کە دەبێتە هۆی ڕاپۆرتکردنی لایەنگری کە هاوتەریبە لەگەڵ بەرژەوەندییە سیاسی یان ئابوورییە تایبەتەکان[39].

لە کۆی گشتیدا ڕۆڵی میدیا لە داڕشتنی بڕیاردانی سیاسیدا فرەڕەهەندە. نەک تەنها بڵاوکردنەوەی زانیاری بەڵکو لێکدانەوەی ڕاستییەکان و دانانی کارنامەی گشتی و لێپرسینەوە لە دەسەڵات. کاتێک میدیا بە شێوەیەکی سەربەخۆ و بەهێز کاردەکات وەک چاودێرێکی دیموکراسی کاردەکات، بەڵام کاتێک ئازادییەکانی کەم دەکرێنەوە، پرۆسەی دیموکراسی زیانێکی زۆری پێدەگات.

## بەشی دووەم/ پرسی بریاری سیاسی لە هەرێمی کوردستان

دوای ئەوەی هەرێمی کوردستان وەک قەوارەیەکی سیاسی و دەستوری لە چوارچیوەی دەستووری عێراقدا دانپێدانرا، هەرێمی کوردستان بە فەرمی بووە خاوەن بڕیاری سیاسی خۆیی. بۆ ئەمەش پرۆسەی سیاسی لە هەرێمی کوردستان بەسەر چەند ناوەندێکی بڕیاردا دابەشکرا، کە دواجار کاریگەرییان هەیە لە دروستکردنی بڕیاری سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا وەک قەوارەیەک. لەگەل هەبوونی  پەیوەندییە ئاڵۆزی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ بەغدا و لە هەمان کاتدا ئەکتەرە نێودەوڵەتییەکاندا. بۆیە پرسی بڕیاردانی سیاسی لە هەرێمی کوردستان  لە ژێر کاریگەری کۆمەڵێک فاکتەر دایە. لەم سۆنگەوە بۆ تێگەیشتن لە  پرۆسەی بریاردانی سیاسی لە هەرێمی کوردستان پێویستە سەرەتا لە شێواز و فۆرمی سیستەمی  سیاسی هەرێمی کوردستان تێبگەین کە چۆن کاردەکات و ئەکتەرە کاریگەرەکانی دروستکردنی بڕیار لە هەرێمی کوردستاندا کێن و چ فاکتەرێک کاریگەری هەیە بەسەریانەوە.

### ١.٢/ سیستەمی سیاسی هەرێمی کوردستان

سیستەمی سیاسی بریتییە لە کۆمەڵێک دام و دەزگای کارا لە کۆمەڵگایەکی ڕێکخراو کە ئەرکی ڕێکخستنی ژیانی کۆمەڵگایە، کۆمەڵگا پێویستی بە سیستەمێکی سیاسی تۆکمە و دەسەڵاتێکی ڕێکخراو هەیە تاوەکو بنەماکانی ژیانی تێدا ڕێکبخرێت. بەڵام سیستەمی سیاسی بەتەنیا بریتی نیە لە دامەزراوە حکومیەکان بەڵکو لەهەموو پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان بەهەموو لایەنە سیاسیەکانیەوە بە پێکهاتە تەقلیدیەکانیشەوە کە لەسەر بنەمای خزمایەتی و عەشیرەت دامەزراون. کەواتە سەرجەم دیاردەکان پێکەوە سیستەمێك پێك دەهێنن . گەر لە ماوەی پێکهێنانی دامەزراوەی سەرۆکایەتی هەرێم لە ٢٠٠٥ سیستەمی سیاسی هەرێمی کوردستان هەڵسەنگێنین ، دەردەکەوێت سیستەمی سیاسی هەرێمی کوردستان بە قۆناغی سیستەمی سیاسی تێکەڵ تێپەریووە،  لەبەر ئەوەی هەرێمی کوردستان دەستورێکی هەمیشەیی نیيە تا بە ڕوونی سیستەمی سیاسی هەرێم دیاری بکات[40].

گۆرینی سیستەمی سیاسی لە پەرلەمانیەوە بۆ سەرۆکایەتی ، دەگەرێتەوە سەر نەخشەی سیاسیی هەرێمی کوردستان و ئەو کاتە دوو پارتی سیاسیی لە هەرێمی کوردستان دەسەڵاتدار بوون ئەوانیش پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و سەرۆکی هەرێم لە پەرلەمان هەڵدەبژێردرا. دوایی ئەو حزبانەی کە ئۆپۆزسیۆن بوون وایان لێک دەداوە کە ئەگەر هاتوو ئەم دوو حزبە هەمیشە رێککەوتنییان هەبێت و لە پەرلەمان زۆرینە بن، ئەوکات دەتوانن هەر کەسێک بۆ خۆیان بیانەوێت بیکەن بە سەرۆکی هەرێم و بۆیە داواکارییان ئەوە بوو کە سەرۆکی هەرێم دەبێت لەلایەن

---

([39])Dr.G.Yogapriya and Nimesh Chettri, Impact of Social Media in Making Political Decisions in Developing Countries , Vol-2, Issue-2, June 2022 ,
file:///C:/Users/hp/AppData/Local/Microsoft/Windows/INetCache/IE/3X1X5Z61/impact-social-media[1].pdf

([40])هەڵوێست میرانی، دارشتنی سیستەمی سیاسی هەرێمی کوردستان، چاوی کورد، 1شوبات 2023، https://chawykurd.com/2023/02/01/ ، بەرواری سەردان ٢٠٢٥/٥/١٨.

خەڵکەوە هەڵبژێردرێت. لە ٢٠٠٩ سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە ڕێگای دەنگدانی گشتی ڕاستەوخۆ هەڵبژێردرا و خاوەن دەسەڵاتێکی فراوان بوو، سەرۆکی حکومەت و وەزیرەکانیش لە پەرلەمانەوە بە دەنگی زۆرینەی پەرلەمانتارانەوە متمانەیان وەرگرت، سەرۆکی هەرێم بەرپرسیار نەبوو بەرامبەر بە پەرلەمان، ئەمەش لەگەڵ سیستەمی نیمچە سەرۆکایەتی یەکدەگرێتەوە واتە بریتییە لە سیستەمێکی تێکەڵاو لە پەرلەمانی و سەرۆکایەتی. ناسنامەی سیستەمی سیاسیی هەرێمی کوردستان ، هەرچەندە لە بڕگەی یەکەمی ڕەشنووسی دەستووری حکومەتی هەرێمی کوردستاندا هاتووە کە سیستمی سیاسی پەرلەمانییە، دیموکراسییە ، بەڵام یاسای سەرۆکایەتی هەرێم ژمارە (1)ی ساڵی 2005 دەسەڵاتی فراوانی بە سەرۆکی هەرێمی سپێردراوە کە هەژموونی سەرۆکایەتی هەرێم بەسەر باقی دەسەڵاتدا جێگیر دەکات. بەپێی یاسای سەرۆکایەتی سەرۆکی هەرێم سەرۆکی دەسەڵاتی جێبەجێکردنی هەرێمی کوردستانە و فەرماندەی هێزی پێشمەرگەیە. مافی پێشنیارکردنی ڕەشنووسی یاساکانی هەیە و هەروەها دەسەڵاتی ڤیتۆی هەیە بەسەر ئەو یاسایانەی کە لەلایەن پەرلەمانەوە دەرچوون. مافی دەرکردنی فەرمان سەبارەت بە پێکهێنانی وەزارەت دوای بەدەستهێنانی متمانەی زۆرینە هەیە[41].

هەروەها پەیوەندی نێوان حزب و حکومەت پەیوەندی نێوان دەزگاکانی یاسادانان، جێبەجێکردن، و دادوەری ڕێکدەخات کە یەکێکە لە گرنگترین پرسە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان. ئەمەش بووەتە هۆی بەدامەزراوەیی نەبوونی ئەزمونی دەسەڵات و ناڕوونی بازنەی دەسەڵاتی ئەو سێ دەسەڵاتە. [42]

لەبەر ئەوە دەکرێت بڵێین کە سروشتی سیستەمی سیاسی لە هەرێمی کوردستان سیستەمێکی تێکەڵە. لە کاتێکدا لە ڕووی پێکهاتەییەوە سیستەمی پەرلەمانی پەیڕەو دەکات، بە کردەوە دابەشکردنی دەسەڵات سەرۆکایەتییەکی لەڕادەبەدەر بەهێزی دەهێڵێتەوە، بۆیە ڕۆڵی پەرلەمان دەخاتە ژێردەستە و بەم شێوەیەش ڕێگری دەکات لە ڕۆڵی دەسەڵاتی یاسادانانی سەربەخۆ. ئەم ناوەندگەراییە دەسەڵاتە لە پێدانی مافی ڤیتۆکردنی سەرۆک بە بڕیارەکانی پەرلەماندا ڕەنگدەداتەوە لە کاتێکدا ئەو پۆستی سەرەوەی پێکهاتەی دەسەڵات دەگرێتە ئەستۆ و زۆرجار وەک "سیستەمێکی نیمچە سەرۆکایەتی" سەیر دەکرێت[43].

لە کۆتاییدا، لە کاتێکدا سیستەمی سیاسی هەرێمی کوردستان بە فەرمی توخمەکانی هەردوو نەریتی پەرلەمانی و سەرۆکایەتی لەخۆدەگرێت، بەڵام بە کردەوە گەشەی کردووە و بووەتە ڕژێمێکی نیمچە سەرۆکایەتی. هەژموونی هەمیشەیی حزب و کەسایەتییە بەهێزەکان، بەتایبەتی هەردوو حزبی دەسەڵاتدار وایکردووە کە دەسەڵاتی جێبەجێکردن زیادەڕۆیی بکات و کاریگەریی چاودێری یاسادانانی کەمکردووەتەوە. دیزاینی تێکەڵاو ڕەنگە هاوسەنگی تیۆری پێشکەش بکات، بەڵام بەبێ دامەزراوەی بەهێز و جێبەجێکردنی یاسایی مەیلی تاکڕەوەکان لەسەرە نەک بەرەوپێشبردن و چەسپاندنی دیموکراسی.

## ٢.٢/ پرۆسەی بڕیاری سیاسی لە هەرێمی کوردستان

حکومەتی هەرێمی کوردستان لە دەسەڵاتی جێبەجێکردن و یاسادانان و دادوەری پێکدێت، هەریەکەیان بەشدارن لە پرۆسەی بڕیاردان. بەڵام زاڵبوونی پارتە سیاسییەکان لەم دامەزراوانەدا بەو مانایەیە کە زۆرجار سەرکردەکانی حیزب

---

( [41] ) د. نصر محمد علي، النضام السياسي في كردستان بعد الانفصال:معضلة الكيفية و الشكل،مركز الخليج للابحاث، ٢١ تشرين الاول ٢٠١٧.
https://araa.sa/index.php?option=com_content&view=article&id=4280&catid=3355&Itemid=172 ،تاريخ الزيارة ٢٠٢٥/٥/٢٢.

( [42] ) سكالا حسين حمه امين و ئاريان روف عزيز، النظام السياسي الهجين:دراسة حالة اقليم كوردستان العراق، مجله جامعه گرميان،٨(١)،٢٠٢١، file:///C:/Users/hp/Desktop/173-185.pdf ، تاريخ الزيارة ٢٠٢٥/٥/٢٢.

([43]) Zhiwar Abduljabar Abdulmali & Rebaz Ali Smail, The Political System of the Kurdistan Region of Iraq: A Comparative Study with Established Parliamentary Democracies, Afr. J. Biomed. Res. Vol. 27, No.4, 2024, https://africanjournalofbiomedicalresearch.com/ /AJBR/article/ 1 . Date of visit 30/5/2025.

ISSN-Print: 2079-3901
ISSN-Online: 3005-396X

کۆنترۆڵی ڕاستەوخۆ بەسەر ئەرکەکانی حکومەتدا دەکەن. کەمینەیەکی ئۆتۆکراسی دەسەڵاتێکی بەرچاوی هەیە لە پەرلەمان، زۆرجار لە بڕیارە گەورەکانی سیاسیدا ڕەنگی داواتەوە[44]. هەروەها پرۆسەی بڕیاردان لە ژێر کاریگەری چوارچێوەی یاساییدایە. نەبوونی دەستوورێکی هەمیشەیی بۆ هەرێمی کوردستان بووەتە هۆی ناڕوونی لە حوکمڕانیدا، بە تایبەتی سەبارەت بە دەسەڵاتەکانی جێبەجێکردن و دەسەڵاتی یاسادانان ناکۆکی زۆرجار بووەتە هۆی چەقبەستوویی حوکمڕانی[45].

پەرلەمان ئەو شوێنەیە کە نوێنەرانی خەلک بیروڕایان لەسەر شێوازی بەڕێوەبردنی حکومەت دەردەبڕن، لەهەمانکاتدا خەسڵەتی لەسەرخۆی پەرلەمان بەمانای ڕێگری کردنە لە شۆڕش.هەروەها شوێنی بەژداریکردن و پێکەوەگرێدانی پێکهاتە جیاوازەکانی کۆمەلگایە .سیستەمی سیاسی کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر سروشتی پەرلەمان و چۆنیەتی بەڕێوەبردنی هەیە. بەهۆی ئەم سیستەمە تێکەلەی هەرێمی کوردستان کە لەبەرژەوەندی نوخبەی سیاسیە، بۆیە ڕەخنەگران پێیان وایە نابێت دەسەڵات بەش بکرێت. پەرلەمان  سەرچاوەی یاساییە لە هەرێمی کوردستان لە هەمان کاتدا سەرچاوەیەکی گەورەی هێزە بۆ سیستەمی حکومرانی ، هەروەها دەزگایەکە توانا دەبەخشێت  کە خەلک و حکومەت پێکەوە گرێ بدات. هەبونی توانای یاسادارشتن بۆ خۆبەڕێوەبردن بوارێکی یەکجار گرینگە، لەهەمان کاتدا دەنگێکی یاسای دەبەخشێت بە کورد[46].

پەرلەمانی کوردستان وەک دەستەیەکی تاک دەستەیی بە 111 ئەندامەوە کاردەکات، کە نوێنەرایەتی حزب و گروپە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان دەکەن. بەرپرسیارە لە داڕشتنی یاسا و سەرپەرشتیکردنی کارەکانی حکومەت ،بەڵام سەرەڕای دەسەڵاتی دەستوری کارایی یاسادانانی پەرلەمان زۆرجار بەهۆی ململانێ سیاسییەکان و دەستێوەردانەکانی نوخبەییەوە دەخرێتە مەترسییەوە[47] .

پەرلەمانی کوردستان لە ڕاستیدا ڕۆڵێکی سەرەکی لە داڕشتنی سیاسەت و حوکمڕانیدا ناگێڕێت، چونکە لە ژێر کاریگەری پارتە سیاسییەکان و کەسایەتییە سیاسییەکان هەندێک جار نوخبەی لە دەرەوەی دامەزراوەی پەرلەمانە. لە کاتێکدا چوارچێوەی یاسادانانی هەرێمی کوردستان پێشنیاری سیستەمێکی پەرلەمانیی هەمەچەشن و نوێنەرایەتی دەکات، بەڵام لە پراکتیکدا زۆرجار بڕیاردان لەلایەن کوتلە سیاسییە گەورەکانەوە دەردەکرێت، بەتایبەت هەردوو پارتی بەهێز لە پەرلەمان[48] . بۆیە دەکرێت بلێین پەرلەمانی هەرێمی کوردستان  هەر لە سەرەتای دروستبوونی تۆشی قەیرانێکی گەورەبوو کە شەری ناوەخۆ بوو. پارتە سیاسیەکان زیاتر وەک پارتی خاوەن حکومەت کاریان دەکرت لەجیاتی پارتی بەژداربوو لە حکومەت. ئەمەش وای کرد کار و گەشەی پەرلەمان سەخت بێ . بەتایبەت پێش دروستبوونی ئۆپۆزسیۆن پالنەرێکی بەهێزی ناوەخۆیی نەبوو بۆ گەشەی پەرلەمان.ڕۆڵی لیژنەی پەرلەمانی ، لیژنەکان گرینگترین پێکهاتەی پەرلەمانن جگە لەوەی یاساکان دادەرێژن، هەر لیژنەیەک لەبواری خۆیدا  توانای هەیە داتا و زانیاری کۆبکاتەوە. لە هەرێمی کوردستان پەیوەندی نێوان

---

([44]) Michiel Leezenberg, Iraqi Kurdistan: A Porous Political Space. Kurdistan Review, 5,2017, p115. https://doi.org/10.4000/anatoli.608

([45])Delshad Hamed  Darwesh ,The Legal Nature of Law No. 1 (1992) Amended the Election Law for the Kurdistan Parliament – Iraq. Halabja University Journal, 1, , 2022, p12. https://doi.org/10.32410/huj-10441

( [46] ) سەردار عەزیز، پرسە پەرلەمانیەکان، academia، ٢٠٢٠، https://www.academia.edu/43136048 ، بەرواری سەردان:٢٠٢٥/٦/١٠.

([47])Hewa *Rasul*, , Organizing legislative initiative in Kurdistan Region. Proceedings of "Deficiencies and Inflation Aspects in Legislation" Conference,2021,p152-158. https://doi.org/10.21928/uhdicdial.pp141-151 https://doi.org/10.21928/uhdicdial.pp141-151

([48])Mohammedali Yaseen Taha and Angela  Movileanu, A, Kurdistan Parliament: Formation of a de jure institution in a de facto state, Academic Journal of Nawroz University, 2021, p47. http://dx.doi.org/10.25007/ajnu.v10n4a1263

پارتی سیاسی و پەرلەمان ئالۆز و ناهاوسەنگە. بەهێز بوونی پارتی سیاسی دەبێتە هۆی لاوازی دەزگای پەرلەمان ، چونکە پارتی سیاسی لەرێگای ژمارە و ئەندامانی دەتوانێت پەرلەمان کۆنترۆل بکات بەتایبەتی کاتێک کە ئۆپۆزسیۆن لاواز بێ[49].

یەکێک لە پرسە سەرەکییەکان، باڵادەستی حزبایەتییە لە دەستپێشخەرییە یاسادانانەکاندا ئەمەش دەبێتە هۆی کێشە و هەمەجۆریی سیاسەت و داهێنان لە حوکمڕانیدا سنووردار دەکات. پارتە سیاسیەکان لە هەرێمی کوردستان بەهێزترین دامەزراوەن کە خاوەنی چەک و پارە و دەسەڵاتن. دەسەڵات لە سەرۆک و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی چڕ بۆتەوە وە دەسەڵاتەکان بەشێوەیەکی تەقلیدی درێژەی پێدەدرێت[50]. لە کاتێکدا پەرلەمانی کوردستان بۆ ئەوە دانراوە کە وەک دەزگایەکی یاسادانانی سەربەخۆ کار بکات، نوخبە سیاسییەکان کاریگەرییەکی بەرچاویان بەسەر چالاکیەکانیدا هەیە. هەریەک لە دوو پارتی بەهێزە(پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان) کە لە مێژوودا کۆنترۆڵی دیمەنی سیاسی هەرێمیان پاراستووە، زۆرجار ئەولەویەتەکانی یاسادانان کۆنترۆل دەکەن. ئەم هەژموونە فەزای حزبە بچووکەکان و یاسادانەرە سەربەخۆکان کەم دەکاتەوە بۆ هێنانەکایەی چاکسازی یان تەحەدای دۆخی ئێستا.کاریگەری پارتە سیاسیەکان لە دانانی سەرکردایەتی پەرلەمان و ئەندامانی لیژنەدا دیارە. پۆستە سەرەکییەکانی ناو پەرلەمان، وەک سەرۆکی پەرلەمان و سەرۆکی لیژنەکانی یاسادانان، زۆرجار لەسەر بنەمای دڵسۆزی سیاسی پڕدەکرێنەوە نەک شایستەیی. ئەمەش توانای پەرلەمان بۆ کارکردنی سەربەخۆ سنووردار دەکات و ناکارابیەکانی حوکمڕانی گەورەتر دەکات[51].

شەریف کاردۆ محەمەد ئەندامی دەستەی باڵای یەکیەتی پەرلەمانتارانی کوردستان ئاماژە بەوە دەکات، پەرلەمان نەتواندراوە ببێتە ناوەندی بریار حزب ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت لە بریاردان ئەمەش بەهۆی کێشەی گەورە لە نەبوونی دەستوور. جگە لەوە عومەر نورەدینی- پەرلەمانتاری پێشوو(خولی سێیەم) پێی وایە کە جۆر و بابەتی یاسا گرینگترە لە ژمارەی یاساکان.چونکە یەکێک لە کێشەکانی سیستەمی سیاسی هەرێم زۆری یاسا و دامەزراوەکانە کە بەشێک لە بەرپرسیارەتیەکە دەکەوێتە سەر پەرلەمان.لەگەل ئەوەش ڕێواس فایەق- سەرۆکی پێشووی پەرلەمان، ئاماژە بەوەدەکات نەبوونی دەستوور کێشە بۆ دەسەڵاتەکان وپەیوەندی نێوانیان دروست دەکات بۆ پاراستنی قەوارەی هەرێمی کوردستان [52].

لەهەمان کاتدا ئەرکێکی سەرەکی دەزگاکانی یاسادانان بریتییە لە چاودێریکردنی دەسەڵاتی دادوەری. بەڵام لە هەرێمی کوردستان زۆرجار سەربەخۆیی دادوەری بەهۆی دەستێوەردانی سیاسییەوە دەخرێتە مەترسییەوە. چاوەڕوان دەکرێت دەسەڵاتی دادوەری وەک ناوبژیوانێکی بێلایەن لە ناکۆکییە یاساییەکاندا مامەڵە بکات، بەڵام لە پراکتیکدا بڕیارەکانی دادگا زۆرجار لەگەڵ بەرژەوەندییە سیاسییەکان هاوتەریبن نەک بنەما یاساییەکان. ئەم داینامیکە بووەتە هۆی بانگەوازی چاکسازی دادوەری بە ئامانجی دابڕاندنی دەسەڵاتی دادوەری لە کاریگەریی سیاسی و بەهێزکردنی چوارچێوەی یاسایی کە

---

([49]) سەردار عەزیز، پرسە پەرلەمانیەکان، academia، ٢٠٢٠، https://www.academia.edu/43136048 ، بەرواری سەردان:٢٠٢٥/٦/١٠.

([50])Al-Barzanji, S. H., & Ahmed, H., Legislative forms of the local units in the Kurdistan Region and mechanisms for their advancement, 2017, p89.
https://documents1.worldbank.org/curated/en/760851537392719616/txt/KRG-Compreshensive-Review-of-Legislation-Transition-Phase-FINAL-14-June-2018.txt

([51])Sara D. Mustafa, Iraqi Kurdistan Independence Referendum: Political Parties, Opportunity and Timing. British Journal of Middle Eastern Studies, 48(5), 2020,p895.
http://dx.doi.org/10.1080/13530194.2020.1724077

([52]) مەحموود بابان،رۆڵی پەرلەمان لە سیستەمی سیاسی هەرێمی کوردستان، ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو، ٢٠٢١، https://rudawrc.net/sorani/event/roli-perleman-le-systmi-syasi-heremi-kwrdstan ، بەرواری سەردان:٢٠٢٥/٦/٩.

چاودێری یاسایی بەڕێوەدەبات[53]. هەروەها دەستوەردان لە پێکهاتەی سەرکردایەتی پەرلەمانی و لابردنی سەرۆک پەرلەمان و دانانی ئەندامێک بە دڵخوازی دەسەڵاتی جێبەجێکردن ، بەمەش ڕێکارە یاسادانانییە دامەزراوەکان تێپەڕاندووە. ئەم جۆرە بڕیارانە نیشان دەدەن کە چۆن دەسەڵاتی دادوەری لە ژێر کاریگەری دەسەڵاتی جێبەجێکردندا دایە، دەتوانێت وەک ئامرازێکی دیفاکتۆ بۆ داڕشتنی سیاسەت کار بکات نەک ناوبژیوانێکی سەربەخۆ[54].

بۆیە دەکرێت بڵێین دەسەڵاتی دادوەری لە هەرێمی کوردستان لە کاتێکدا بە شێوەیەکی فەرمی سەربەخۆیە، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی لە ژێر کاریگەری دەسەڵاتی جێبەجێکردندایە، دامەزراندنی دادوەری باڵا لە ژێر چاودێری دەسەڵاتی جێبەجێکردندا ئەنجام دەدرێت، بڕیارە گەورەکان زۆرجار لەگەڵ ئامانجە دارایی و سیاسییەکانی بەغدادا هاوتەریین و ڕێککەوتنە حزبییەکان بێلایەنی دادوەری تێکدەدەن. ئەم هۆکارانە پێکەوە سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری هەرێم دەشێوێنن، لەبەر ئەوە چاکسازی گشتگیر گرینگە بۆ گەڕاندنەوەی سەروەری یاسا. سەرەرای ڕۆڵی هەرسێ دەسەڵات لەسەر پرۆسەی دروستکردنی بڕیاری سیاسی لە هەرێمی کوردستان، کۆمەڵێک فاکتەری تر هەن کە لەم ساڵانەی دواییدا بە تایبەت دوای دروستبوونی بزوتنەوەی گۆڕان و سەرهەڵدانی بەهاری عەرەبی کاریگەریان زۆریان هەیە نەک تەنیا لەسەر پرۆسەی دروستکردنی بڕیار بەڵکو تەوای پرسە سیاسییەکان لە هەرێمی کوردستاندا، کە دەکرێت بەم شێوەیی خوارە پۆلێنییان بکەین.

### یەکەم/ سۆشیال میدیا و رای گشتی

ڕۆڵی سۆشیال میدیا لە هەرێمی کوردستان هەم گرنگە و هەم ئاڵۆزە، چونکە دەزگاکانی ڕاگەیاندن هەوڵدەدەن بۆ ئاگادارکردنەوەی خەڵک لە هەمان کاتدا ڕووبەڕووی ئاستەنگی بەرچاو دەبنەوە. بەشێک لە نوسەران پێیان وایە لە کاتێکدا میدیا لە ڕووی تیۆریەوە دەسەڵاتی پەروەردەکردنی حوکمڕانی شەفاف و هاندانی مشتومڕی گشتی لە دەستدایە، بەڵام کاریگەرییەکەی لە هەرێمی کوردستان بەهۆی فشارە سیاسییەکان، سنووردارکردنی ئازادی ڕۆژنامەگەری و جۆرە جیاوازەکانی سانسۆرەوە بەربەستە. بۆیە سنووردارکردنی ئازادی قسەکردن و سانسۆر کردن لە ئەنجامدا لەنێو ڕۆژنامەنووساندا ژینگەیەک دروست دەکات کە تێیدا خەڵک ڕوانگەیەکی فلتەرکراو بۆ ڕووداوە سیاسییەکان وەربگرن، بەمەش ڕێگری لە دەنگدەرێکی تەواو ئاگادار و لە ئەنجامدا پرۆسەی بڕیاردانی دیموکراسی دەکات[55]. لە دوای دامەزراندنی حکومەتێکی نیمچە سەربەخۆ لە دوای شەڕی کەنداو و دواتر پێکهاتە سیاسییەکانی عێراق، دیمەنی میدیا لە هەرێمی کوردستان لە چاپەمەنییەکی ژێرزەمینییەوە پەرەی سەندووە بۆ چەندین بوارو کەناڵی جیاوازی میدیا و سۆشیال میدیا، کە بەخێرایەکی زۆر تەشەنەیان کردووە. لێکۆڵینەوەکان لەسەر میدیا و ڕای گشتی لە هەرێمی کوردستان پشتگیری لەو تێڕوانینە دەکەن کە ژینگەی میدیایی بەرتەسکدار کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر گوتاری گشتی هەیە. لەگەڵ ئەوەش ئاماژە بەوە

---

([53])Al-Barzanji, S. H., & Ahmed, H., Legislative forms of the local units in the Kurdistan Region and mechanisms for their advancement, 2017, p92. https://documents1.worldbank.org/curated/en/760851537392719616/txt/KRG-Compreshensive-Review-of-Legislation-Transition-Phase-FINAL-14-June-2018.txt

([54]) Selin Uysal, Making Sense of Iraq's Politicized Supreme Court Rulings. The Washington Institute, 2023 , https://www.washingtoninstitute.org/policy-analysis/making-sense-iraqs-politicized-supreme-court-rulings

([55])Alice Hlidkova, The media reality in Iraqi Kurdistan. Arab Media & Society , 2011, https://www.arabmediasociety.com/the-media-reality-in-iraqi-kurdistan/

دەکەن کە سیاسەتی میدیایی لە هەرێمی کوردستان زۆرجار لەلایەن بەرژەوەندییە سیاسییەکانەوە ئاڕاستە دەکرێت، ئەمەش ڕۆڵی ئەو وەک چاودێرێکی سەربەخۆ سنووردار دەکات[56].

سۆشیال میدیا گۆڕانکارییەکی بەرچاوی لە بەشداریکردنی سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا هێناوە بە دابینکردنی ئامرازێکی ڕاستەوخۆی پەیوەندیکردن بۆ هاووڵاتیان لەگەڵ داڕێژەرانی سیاسەت. پلاتفۆرمەکانی وەک فەیسبووک و تویتەر و ئینستاگرام ئامرازی نوێیان بۆ هاووڵاتیان دابین کردووە بۆ بەشداریکردن لە گوتاری سیاسی و کاریگەری لەسەر پرۆسەی بڕیاردان و لێپرسینەوە لە دەسەڵاتداران. لە کاتی بانگەشەی سیاسی و هەڵبژاردنەکاندا، کاندیدەکان زیاتر سۆشیال میدیا بەکاردەهێنن بۆ کارلێککردن لەگەڵ دەنگدەران و خستنەڕووی هەڵوێستی سیاسەت و وەڵامدانەوەی نیگەرانییە گشتییەکان[57]. بەپێی یەکێک لە توێژینەوەکان کە لەلایەن (بەرهەم خالد احمد) لەژێر ناونیشانی (ئاستی پشت بەستنی پەرلەمانتاران بە میدیای نوێ بۆ دروستکردنی بڕیاری سیاسی لە هەرێمی کوردستان) کە لەساڵی ٢٠٢١ئەنجامدراوە، ئاماژەبەوە دەکات کە ئاستی پشتبەستنی پەرلەمانتاران بەرێژەی (٥٥،٠٣) لە ئاستێکی باشدایە لە هەردوو ڕەگەزەکە بۆ رایی کردنی کارەکانیان، وە بە گاریگەربوونیان بە میدیای نوێ بەرێژەی (٦٦،١٩٥)٥ ئەمەش بۆتە هۆکارێک بۆ پەیوەندی نێوان پەرلەمانتاران و جەماوەر کاری ئاسانی.هەروەها بەپێی راپرسیەکە پەرلەمانتاران چالاکیەکانیان لە پەرەی تایبەتی خۆیان بلاودەکەنەوە وە بەرێژەیەکی جیاواز کاریگەر دەبن بەو کۆمێنتانەی کە لەلایەن خەلکەوە بۆیان دێت. لەبەر ئەوە بەپێی توێژینەوەکە پەرلەمانتاران لە هەرێمی کوردستان پشت دەبەستن بە میدیای نوێ وە کاریگەر دەبن پێی لەکاتی بریاردان[58].

ڕۆڵی سۆشیال میدیا لە چالاکیی سیاسیدا لە کاتی خۆپیشاندانەکانی ١٧ی شوباتی ناڕەزایەتی سلێمانی ساڵی (٢٠١١)دا دیار بوو، کە پلاتفۆرمە ئۆنلاینەکان بۆ ڕێکخستنی خۆپیشاندان و بڵاوکردنەوەی زانیاری بەکارهێنران. خۆپیشاندەران سوودیان لە فەیسبووک و تویتەر وەرگرت بۆ هەماهەنگی چالاکییەکان و هاوبەشکردنی و کۆکردنەوەی لایەنگران. ئەمەش ئەوە دەردەخات کە چۆن سۆشیال میدیا ئاسانکاری دەکات بۆ بەشداریکردنی سیاسی بنەڕەتی، ئەمەش وا دەکات هاوڵاتیان ناڕەزایی خۆیان دەرببڕن و داکۆکی لە گۆڕانکاری لە سیاسەتدا بکەن[59].

ئەمە کاریگەری زۆری هەبوو لەسەر ڕەوتی ململانێ سیاسییەکان و بڕیاری سیاسی لە هەرێمی کوردستان، بە تایبەت لە ئاستی پەرلەمان و حکومەتدا.هەڵبەتە بێجگە لە لایەنە ئەرێنییەکان، بەڵام لە هەمان کاتدا بڵاوبوونەوەی زانیاری هەڵە و پڕوپاگەندەی سیاسی و هەواڵی ساختە دەتوانێت تێڕوانینی گشتی بشێوێنێت و کاریگەری لەسەر بڕیاردەرەکان هەبێت

---

(56)Hataw Hama Saleh Hussein, The role of news media in supporting democracy in Kurdistan Region.2018,p5-6 https://chmk.org/files/2021/07/CHMK-HATAW-HAMASALIH-2018-The-Role-of-News-Media-in-Supporting-Democracy-in-Kurdistan-Region.pdf

(57)Yahya Fatah, The role of social media in political change in the Kurdistan Region of Iraq. Proceedings of "Reform and Political Change" Conference, 2021,p97. https://www.academia.edu/61273369/The_role_of_social_media_in_political_change_in_the_Kurdistan_Region_of_Iraq

(58) بەرهەم خالد احمد وفواد علی ئەحمەد ، ئاستی پشت بەستنی پەرلەمانتاران بە میدیای نوێ بۆ دروستکردنی بریاری سیاسی لە هەرێمی کوردستان، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ٨(١)،٢٠٢١، file:///C:/Users/hp/Desktop/46-%2061.pdf . بەرواری سەردان ٢٠٢٥/٦/١٠.

(59)Munir Hasan Mohammad, Social media and democratization in Iraqi Kurdistan since 2003, University of Warwick, 2018,p70. http://webcat.warwick.ac.uk/record=b3252812~S15

ISSN-Print: 2079-3901
ISSN-Online: 3005-396X

لەسەر بنەمای گێڕانەوەی هەڵە. بەکارهێنانی ئەکاونتی ساختە و بۆتی ئۆتۆماتیکی بۆ دەستکاریکردنی گوتاری ئۆنلاین نیگەرانییەکی گەشەسەندووە[60].

### دووەم/ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی

ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە هەرێمی کوردستان ڕۆڵیان هەیە لە داڕشتنی بڕیارە سیاسییەکان، بە داکۆکیکردن لە شەفافیەت و مافەکانی مرۆڤ و حوکمڕانی دیموکراسی. سەرەڕای گەشەسەندنی کاریگەرییەکانیان لە ساڵی ٢٠٠٣ەوە، ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکان لە توانای خۆیاندا بۆ تەحەدای بەرژەوەندییە چەسپاوەکانی حزبەکان سنووردار دەمێننەوە. زۆرجار پارتە سیاسییەکان هاوبەشی ئەم ڕێکخراوانە دەبن، ئەمەش سەربەخۆیی و کاریگەرییان لە کاریگەریکردن لەسەر داڕشتنی سیاسەت کەمدەکاتەوە[61].

### سێیەم/ کاریگەرییە دەرەکییەکان

پرۆسەی بڕیاردان لە هەرێمی کوردستان زیاتر ئاڵۆزتر دەبێت بەهۆی کاریگەرییە دەرەکییەکان، لەوانە پەیوەندی لەگەڵ بەغدا و ئەکتەرە ناوچەییەکانی وەک تورکیا و ئێران و زلهێزە نێودەوڵەتییەکان. ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی ساڵی ٢٠١٧ دەریخست کە چۆن فشارە دەرەکییەکان دەتوانن بڕیارە سیاسییەکان لە قاڵب بدەن. لە کاتێکدا حکومەتی هەرێم بەدوای ڕیفراندۆمدا بوو بۆ دووپاتکردنەوەی ئۆتۆنۆمی خۆی، نەبوونی پشتیوانی و دژایەتی نێودەوڵەتیی وڵاتانی دراوسێ بووە هۆی لەباربردنی ئەو پرۆسەیە [62]. هەروەها پشتبەستنی ئابووری بە داهاتی نەوت کاریگەری لەسەر بڕیاردانی سیاسی هەیە. ناکۆکی لەسەر فرۆشتنی نەوت لە نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی ناوەندی عێراق ناسەقامگیری دارایی دروستکردووە، کاریگەری لەسەر بڕیارەکانی سیاسەت سەبارەت بە مووچەی کەرتی گشتی و پرۆژەکانی ژێرخانی ئابووری و وەبەرهێنانی بیانی دروستکردووە[63]. کاریگەرییە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان هەندێک جار تا ئاستی کاریگەریی لەسەر پێکهێنانی حکومەت و بڕیاری سیاسی و ململانێ لایەنەکان دەڕوات.

---

([60])Ahmad, A. R., & Murad, H. R, The Impact of Social Media on Panic during the COVID-19 Pandemic in Iraqi Kurdistan: Online Questionnaire Study. Journal of Medical Internet Research, 22, 2020,p67. https://doi.org/10.2196/19556

([61])Jamal Mohammed Ameen Hussein and Abdulwahed Jalal Nori, The Influence of Civil Society Organisations on Political Decision-Making in Iraqi Kurdistan. Intellectual Discourse, 32, 2024, p15. http://dx.doi.org/10.31436/id.v32i1.1929

([62])Sara D. Mustafa, Iraqi Kurdistan Independence Referendum: Political Parties, Opportunity and Timing. British Journal of Middle Eastern Studies, 48(5), 2020,p890. http://dx.doi.org/10.1080/13530194.2020.1724077

([63])Mohammed Salih,The New Politics of Iraqi Kurdistan. Strategic Review, 10, 2021, https://www.washingtoninstitute.org/policy-analysis/new-politics-iraqi-kurdistan

.

## ٣.٢/ ڕۆڵی نوخبه و پارته سیاسیەکان لە پرۆسەی دروستکردنی بریار

هەرێمی کوردستان بە دیمەنێکی سیاسی ئاڵۆز دەناسرێتەوە، کە پارتە سیاسییەکان و نوخبە سیاسییەکان ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕن لە داڕشتنی حوکمڕانی و داڕشتنی سیاسەت و ئیدارەی گشتیدا.

### ڕۆڵی نوخبە سیاسییەکان لە بڕیارداندا

نوخبە سیاسییەکان لە هەرێمی کوردستان ڕۆڵێکی چارەنووسساز دەگێڕن لە داڕشتنی بڕیاردان. باڵادەستی نوخبە ڕەگ و ڕیشەی لە هۆکارە مێژوویی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکاندا هەیە کە وایکردووە تاکەکانی خێزانە بەهێزەکان یان بزووتنەوە سیاسییەکان بتوانن بواری سیاسەت و حوکمڕانی کۆنترۆڵ بکەن. ئەم نوخبە زۆرجار لەناو سیستەمێکدا کاردەکەن کە سوودە سیاسی و ئابوورییەکان لە نێوان دڵسۆزاندا دابەش دەکرێن و کاریگەرییان بەهێزتر دەکات[64]. لە ڕووی مێژووییەوە کاریگەری هەردوو پارتی سەرەکی دەسەڵاتدار کە خۆییان لە پارتی دیموکراتی کوردستان و نیستمانی کوردستان دەبیننەوە ، دەسەڵاتێکی بەرچاویان لە پرۆسەی بڕیاردانی سیاسی هەرێمی کوردستاندا هەبووە. کاریگەرییان لە سەرکردایەتی سیاسی تێدەپەڕێت بۆ کاروباری ئابووری و ئەمنی. چڕبوونەوەی دەسەڵات لە نێوان کەسایەتییە نوخبەکاندا بووەتە هۆی مۆدێلێکی حوکمڕانی کە زۆرجار پەیوەندییە کەسییەکان لە میکانیزمە دامەزراوەییەکان زیاترن لە داڕشتنی دەرئەنجامەکانی سیاسەتدا[65].

کاتێک پارتێک بە کردەوە پەیوەست بێت بە کەسایەتییەکی دیاریکراوەوە هەبێت لەوانەیە گۆڕانکاری لەناو بەرنامەکە رووبدات، بەڵام پرەنسیپی بنەڕەتی وەک خۆی دەمێنێتەوە ئەویش دڵسۆزییە بۆ ئەو سەرکردەیەی کە سەرۆکایەتی حزبەکەی دەکات. هەژموونی سەرکردە سیاسییە و بنەماڵە کاریگەرەکان سیاسییەکان لە کوردستان بە پلەی جیاواز دیارە. سەرکردەکانی بنەماڵە کە زۆرجار توندوتیژن ناچارن لەڕووی سیاسییەوە کێبڕکێ بکەن، جگە لەوەش ئەمڕۆ ڕکابەرییە سیاسییەکان زیاتر لەناو هێڵە نەتەوەیی و تائیفیەکاندا ڕوودەدەن بۆ نموونە، دوو بنەماڵەی دەسەڵاتداری کورد، سەرمایەی سیاسی زیاتر بۆ کۆنترۆڵکردنی هەرێمی کوردستان تەرخان دەکەن نەک بۆ کێبڕکێ لەگەڵ لایەنە عەرەبییەکان لە بەغدا.کاتێک ئەو دوو حیزبە لە کاتی ڕیفراندۆمی ٢٠١٧ بۆ جیابوونەوەی کوردستان هەوڵیان دا بە تەواوی کۆنترۆڵی شار و نەوتەکەی لە دەست دەسەڵاتی فیدراڵی لە دەست دا. بنەماڵە دەسەڵاتدارەکان وەک خودی دەوڵەت کەرەستەی جۆراوجۆر بۆ چەسپاندنی کۆنترۆڵی خۆیان کەڵک وەردەگرن وەک، ناو، ڕەمزی ئایینی و نەتەوەیی، پارە و چەک. ئەمەش لەناو هەموو لایەنە گەورەکانی کوردستان ڕوودەدات. لە کوردستانیشدا دەسەڵات شایەتی گۆڕانکارییەکی بەرچاو بووە لە قۆناغی دوای سەدام حوسێنەوە. گۆڕان لە حیزبەکانەوە بۆ بنەماڵە و سەرکردە کاریگەرەکان، حکومەتی هەرێمی کوردستانی لە دەوڵەتی نیشتمانیی خوازراو و ئۆتۆنۆمی تەواو دوورخستەوە. هاوکات حکومەتی هەرێمی کوردستان دوای سی ساڵ خۆبەڕێوەبەری نەیتوانی دەستورێک دابڕێژێت، تەنها ڕێگەی داوە دەستکاری دامەزراوەیەکی بنەڕەتی وەک سەرۆکایەتی هەرێم بکرێت بۆ خزمەتکردنی خواستی ئەکتەرەکانی دەسەڵات. بۆیە دەکرێت بڵێین بنەماڵە و کەسایەتی سیاسی بەهێز لە هەرێمی کوردستان رۆڵێکی یەکجار گرینگیان هەیە و کۆنترۆڵی پرۆسەی بڕیاری سیاسی دەکەن.

---

([64]) Anwar Anaid, The Nature of Political Economy Challenges of the Kurdistan Region of Iraq. In: Anaid, A, Tugdar, E. (eds) Iraqi Kurdistan's Statehood Aspirations. Middle East Today. Palgrave Macmillan, 2019,p6. http://dx.doi.org/10.1007/978-3-319-93420-4_2

([65])Salih Omar Issa, The impacts of cultural discourses on the political system of Kurdistan Region, Qalaai Zanist Scientific Journal, 5(2), 2020, p45. http://dx.doi.org/10.25212/lfu.qzj.5.2.02

حیزبەکان لەسەر بنەمای کەسایەتیەکان گەشە دەکەن و دەبنە حزبی بنەماڵەیی، ئەمەش بەهۆی تێکەڵبوونی سەرچاوە داراییەکان و خواستی دەستبەسەرداگرتنی دەسەڵات. هەموو ئەمانە هەڵگری نیشانەی نەخوازراون بۆ دیموکراسی, پێوەرەکانی ئێستاش بریتین لە کۆنترۆڵی خێزانەکان بەسەر کەناڵە میدیاییەکانی خۆیاندا، ئەمەش بەهۆی نەبوونی میدیای سەربەخۆ لە ئاستی پێویست[66].

## رۆڵی پارتە سیاسییەکان لە پرۆسەی بریاردان

بڕیاردانی سیاسی لە هەرێمی کوردستان تاڕادەیەکی زۆر لە لایەن پارتە سیاسییە باڵادەستەکانییەوە دەدرێت، بە پلەی یەکەم هەردوو پارتی سەرەکی(پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتیمانی کوردستان) لە هەرێمی کوردستان. لە ڕووی مێژووییەوە ئەم دوو پارتە هەم هاوکاری و هەم ڕکابەرییان کردووە، ئەمەش کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر حوکمڕانی و بڕیاردان لە ناوچەکەدا هەیە. نەبوونی دیدگایەکی سیاسی یەکگرتوو بووەتە هۆی پارچەپارچەبوونی حوکمڕانی زۆرجار ناکارایی و چەقبەستوویی سیاسی لێکەوتووەتەوە[67] .کێبڕکێی نێوان ئەم لایەنانە درێژدەبێتەوە بۆ بەڕێوەبردنی دامەزراوە حکومییەکان، کە کاریگەرییان لەسەر بڕیارە سیاسیە گەورەکان هەبووە. جەوهەری ڕاستەقینەی حیزبایەتی لە هەرێمی کوردستان بریتیە لە حیزبی قائید. هەردوو حیزبە قائیدەکەی دەسەڵات لە هەرێمی کوردستان لە کرداردا وەك تاك حیزب مامەلە دەکەن. لەبەر ئەوە سەرجەم سێ دەزگاکەی ولات پەڕلەمان و حکومەت و دادوەری لەلایەن حیزبی دەسەڵاتەوە کۆنترۆل دەکرێن حیزب لە هەرێمی کوردستان لە لایەن دەسەڵاتەوە بۆتە ئامانج نەك ئامراز بە ناوی حیزبەوە لێدوان دەدرێت و هەلبژاردن دەکرێت، بەڵام لە ڕاستیدا دەبێت حیزب وەك پێویستیەکی سیاسی و کۆمەلایەتی دروست ببێت واتە دەسەڵاتی سیاسی مافێك نیە دەسەڵاتدار ببیەخشێتە حیزب[68].

پارتە سیاسییەکان لە هەرێمی کوردستان ڕۆڵی سەرەکییان هەبووە لە پێناسەکردنی پێکهاتەکانی حوکمڕانی .لە ساڵی 1992ـەوە پارتی و یەکێتی لە دامەزرانی حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە، دەزگاکانی دەوڵەتیان کۆنترۆڵ کردووە زۆرجار لە ڕێگەی دابەشکردنی دەسەڵاتەوە. ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کە زۆرجار بەرژەوەندییە حزبییەکان لە پێش کاریگەریی دامەزراوەییەوەن .سەرەڕای بوونی سیستەمی پەرلەمانی، بڕیاردانی سیاسی تاڕادەیەکی زۆر لە ژێر کاریگەری سەرکردەکانی حزبدایە. هەروەها هەژموونی ئەو حزبانە بووەتە هۆی ئەوەی کە لەناو دامودەزگاکانی حکومەتدا فراکسیۆنگەرایی دروست ببێت. زۆرجار وەزارەتە سەرەکییەکان و هێزە ئەمنییەکان لەگەڵ لایەنە حزبییەکان هاوتەریبن، ئەمەش کاریگەری لەسەر جێبەجێکردنی سیاسەت و کارایی کارگێڕی دەبێت[69].

بە شێوەیەکی گشتی نوخبە و پارتە سیاسییەکان لە هەرێمی کوردستان کاریگەرییەکی بەرچاویان لەسەر پرۆسەکانی بڕیاردان هەیە، کە کاریگەری لەسەر پێکهاتەکانی حوکمڕانی، ئەرکی یاسادانان، سەقامگیری سیاسی و پەیوەندییە دەرەکییەکان هەیە. لە کاتێکدا کە چوارچێوەی ڕێکخراوەیی بۆ حوکمڕانی دابین دەکەن، بەڵام باڵادەستییان دەبێتە هۆی کوتلەگەرایی و پاڵپشتی سیاسی و ناکارایی دامەزراوەیی. چارەسەرکردنی ئەم تەحەددیانە پێویستی بە بەرزکردنەوەی فرەیی سیاسی،

( [66]) سردار عزيز وبلال وهاب، حكم العائلة في العراق والتحدي الذي تواجهه الدولة والديمقراطية، معهد واشنطن لسياسة الشرق الأدنى،٢٠٢٣،https://www.washingtoninstitute.org ، تاريخ الزيارة: ٢٠٢٥/٦/١٢،

([67]) د.شڤان أحمد عبدالقادر، دور الاحزاب السياسية في الاستقرار السياسي وعدمه اقليم كوردستان العراق نموذجا،مجلة قەلای زانست العلمية، مجلد٣، عدد٣، ٢٠١٨،ص٣٨٩.https://doi.org/10.25212/lfu.qzj.3.3.14

( [68]) سالار باسيرە، حزب لەسیستەمی سیاسیدا هەرێمی کوردستان وەک نمونە، شار پرێس،٢٠١٦، https://www.sharpress.net/all ، بەرواری سەردان:٢٠٢٥/٦/٩.

([69])Yasin Hama, The nature of emerging political parties and its impact on political institutions, Kurdistan , p 91. 2023Region as a case study. Journal for Political and Security Studies. http://dx.doi.org/10.31271/jopss.10081

دامەزراوە دیموکراسییە بەهێزەکان و بەشداریکردنی زیاتری کۆمەڵگەی مەدەنی هەیە بۆ پێشخستنی بڕیاردانی شەفافتر و گشتگیرتر.

## دەرئەنجام

پرۆسەی دروستکردنی بریار ، کاریگەری لەسەر سیستەمی سیاسی هەیە. ئەمەش کاریگەری راستەوخۆی لەسەر شێوازی دروستکردنی بریاری سیاسی هەیە.هەروەها پرۆسەی دروستکردنی بریار پرۆسەیەکی ئالۆزە کۆمەڵێک فاکتەری ناوەخۆ ودەرەکی کاریگەری لەسەر ئاراستەکردن و دارشتنی هەیە.

لەبەر ئەوە دەکرێت بلێین پرۆسەی دروستکردنی بریاری سیاسی لە هەرێمی کوردستان ، سەرەڕای بوونی هەرسێ دەسەڵاتی یاسادانان ، جێبەجێکردن و دادوەری بەڵام، کۆمەڵێک لایەن و هۆکاری تریش کاریگەریان لەسەر پرۆسەکە هەیە.کە هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی دەستورێکی هەمیشەیی و ناروونی سیستەمی سیاسی لە هەرێمی کوردستان کە کاریگەریەکی زۆری لەسەر پرۆسەی دروستکردنی بریار هەیە. هەر ئەمەش بۆتە هۆی کەمکردنە دەسەڵاتی دەزگا فەرمیەکان لە پرۆسەکە، یاخود کەوتنە ژێر کاریگەری چەند لایەنێکی نافەرمی. بەتایبەت پارتە سیاسیەکان و نوخبە لە پرۆسەی دروستکردنی بریار رۆلێکی یەکجار زۆریان هەیە لە هەرێی کوردستان. تەنانەت کاریگەریەکانیان لەسەر دەسەڵاتە فەرمیەکان بەشێوەیەکی روون دەردەکەوێ، بەتایبەتی هەردوو پارتی دەسەڵاتدار.

لەلایەکی تر سۆشیال میدیا و رای گشتی رۆلێکی گرینگیان هەیە لە پرۆسەی دروستکردنی بریار. لەبەر ئەوە دەکرێت میدیا و رای گشتی لەلایەن نوخبە و کۆمەلێک کارەکتەری سیاسی دیاری کراو کۆنترۆل بکرێن و بەرێوەببرێن. ئەمەش وادەکات کاریگەری میدیا ورای گشتی لەسەر دروستکردنی بریار لەپێناو بەرژەوەندی چینێکی دیاری کراوی نوخبەی سیاسی بێ نەک لەپێناو گۆرانکاری و دیموکراسیەت.. لەگەل هەموو ئەمانە بەهۆی نەبوونی دەولەت و دەستورێکی هەمیشەیی کۆمەلێک هۆکار ولایەنی دەرەکی هەن کە کار لە پرۆسەی بریاردان دەکەن لە هەرێمی کوردستان. بۆ نمونە بریاری ئەنجامدانی ریفراندۆمی سەربەخۆیی لە ئەیلولی ٢٠١٧ بەهۆی دژایەتی لایەنەکان و کۆمەلێک هۆکاری دەرەکی نەتوانرا بگاتە ئامانج ، تەنانەت بووە هۆی سەرهەلدانی کۆمەلێک کێشە بۆ ناوەخۆی هەرێمی کوردستان.

بۆیە لە کۆتایدا پێمان وایە بەهێزکردنی پەرلەمان وەک دەزگایەکی فەرمی و سەرەکی لە پرۆسەی دروستکردنی بریار،وە کەمکردنەوەی کاریگەری پارتە سیاسیەکان لەسەری، هەروەها بەرزکردنەوەی شەفافیەت و چاودێری لەسەر هەرسێ دەسەڵاتەکە ، دەبێتە هۆی باشترکردنی دروستکردنی بریار کە لەبەرژەوەندی سیستەمی سیاسی بێ.

## لیستی سەرچاوەکان

### یەکەم: کتێب

١/ دانا علی بەرزنجی،پرۆسەی دروستکردنی بریاری سیاسی دەرەکی، وەرگێرانی- یاسین زەنگەنە ،چاپی یەکەم، چاپەمەنی سیما، سلێمانی، ٢٠٠٤..

### دووەم: سایتی ئەلیکترۆنی

١/ سردار عزيز وبلال وهاب، حكم العائلة في العراق والتحدي الذي تواجهه الدولة والديمقراطية، معهد واشنطن لسياسة الشرق الأدنى،٢٠٢٣،https://www.washingtoninstitute.org .

٢/بەرهەم خالد احمد وفواد علی ئەحمەد ، ئاستی پشت بەستنی پەرلەمانتاران بە میدیای نوێ بۆ دروستکردنی بریاری سیاسی لە هەرێمی کوردستان، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ٨(١)،٢٠٢١، file:///C:/Users/hp/Desktop/46-%2061.pdf

٣/مەحموود بابان،رۆڵی پەرلەمان لە سیستەمی سیاسی هەرێمی کوردستان، ناوەندی لێکۆلینەوەی رووداو، ٢٠٢١، https://rudawrc.net/sorani/event/roli-perleman-le-systmi-syasi-heremi-kwrdstan .

٤/ سەردار عەزیز، پرسە پەرلەمانیەکان، academia، ٢٠٢٠، https://www.academia.edu/43136048 .
٥/ هەڵوێست میرانی، دارشتنی سیستەمی سیاسی هەرێمی کوردستان، چاوی کورد، 1شوبات 2023، https://chawykurd.com/2023/02/01/ .
٦/ سالار باسیرە، حزب لەسیستەمی سیاسیدا هەرێمی کوردستان وەک نمونە، شار پرێس،٢٠١٦، https://www.sharpress.net/all

## سەرچاوە عەرەبیەکان

١/ د.شڤان أحمد عبدالقادر، دور الاحزاب السياسية في الاستقرار السياسي وعدمه اقليم كوردستان العراق نموذجا،مجلة قەلای زانست العلمية، مجلد٣، عدد٣، ٢٠١٨،ص٣٨٩.https://doi.org/10.25212/lfu.qzj.3.3.14
٢/ د. نصر محمد علي، النضام السياسي في كردستان بعد الانفصال:معضلة الكيفية و الشكل،مركز الخليج للابحاث، ٢١ تشرين الاول ٢٠١٧.
https://araa.sa/index.php?option=com_content&view=article&id=4280&catid=3355&Itemid=172 .
٣/ سكالا حسين حمه امين و ئاريان روف عزيز، النظام السياسي الهجين:دراسة حالة اقليم كوردستان العراق، مجله جامعه گرميان،٨(١)،٢٠٢١، file:///C:/Users/hp/Desktop/173-185.pdf .
٤/ سلام على احمد المشهداني، صنع القرار سياسي في الولايات المتحدة الامريكية، الاكاديمية العربية المفتوحة في الدنمارک، كلية القانون والسياسة،٢٠١٣، ص ٦٤-٦٥. file:///C:/Users/hp/Desktop/A.pdf9
٥/ على حسن يوسف فتاح، دور الموسسات الرسمية وغير الرسمية في صنع السياسات العامة، مجلة العلوم الانسانية لجامعة زاخو، ٢٠١٨/١٢/٣٠، ص ١٠٦٠، https://doi.org/10.26436/2018.6.4.433
٦/ د. مـى مجيـب ، إعادة قراءة "إيستون": قدرة نظرية حتليل النظم على التجدد،مجلة كلية الاقتصاد والعلوم السياسية - جامعة القاهرة، المجلد الثانى والعشرون، العدد الاول، ٢٠٢١، ص ١٣٤ .
https://jpsa.journals.ekb.eg/article_148762.html
٧/ رحاب وائل السيد، نظرية النظم ل دايفيد إيستون (وحاله تطبيقيه الواقع الإفريقي)، المركز الديمقراطي العربي، 5أغسطس 2021، https://democraticac.de/?p=765430.
٨/ بن ازدري مريم و بن داود العربي، دور المعلومات في عملية صنع القرار السياسي، الجملة الجزائرية للعلوم اإلنسانية واالجتماعية، المجلد٣، العدد٢، ص٧٥-٧٧.
٩/ د.طارق عبدالروف عامر، نظريات صنع القرار ومهاراته في الادارة التعليمية وطرق مواجهة مشكلاته، https://iefpedia.com/arab/wp-content/uploads/2010/03 1.pdf،
١٠/ د.إعباسن زهية، رسم السياسة العامة و صنع القرار،جامعة الجزائر،كلية العلوم السياسية و العالقات الدولية،قسم التنظيم السياسي و االداري، مطبوعة مقدمة لطلبة السنة الثانية جذع مشرتك،٢٠٢١، ص ١٥-١٧.
١١/ زهرة صاح، صناعة القرار السياسي، معهد البحرين للتنمية السياسية، ٢٠١٦، ص ٨-١٠، ٣٤، التاريخ الزيارة: ٢٠٢٥/٦/٢، https://www.bipd.org/publications/InstituteBooks/Politicaldecisionmaking.aspx
١٢/ مليكة بوضياف،السياسة العامة وصنع القرار،جامعة حسيبة بن بوعلي بالشلف،كلية الحقوق والعلوم السياسية، ٢٠١٩، ص٧٦.
١٣/ سعد السعيدي وبسمة خليل الاوقاتي،دور المعلومات في عملية صنع القرار السياسي الخارجي، دراسات دولية،العدد الخمسون،٢٠١١،ص ١٢، التاريخ الزيارة: ٢٠٢٥/٦/٢،
https://jcis.uobaghdad.edu.iq/index.php/politics/article/view/250

**سەرچاوە ئینگلیزیەکان**

**1/ Zhiwar Abduljabar Abdulmali & Rebaz Ali Smail, The Political System of the Kurdistan Region ofIraq: A Comparative Study with Established Parliamentary Democracies, Afr. J. Biomed. Res. Vol. 27, No.4, 2024, Accessed: 30/5/2025, https://africanjournalofbiomedicalresearch.com/ /AJBR/article/ 1**

**2/ Yasin Hama, The nature of emerging political parties and its impact on political institutions, Kurdistan Region as a case study. Journal for Political and Security Studies. 2023, Accessed:25/5/2025. http://dx.doi.org/10.31271/jopss.10081.**

**3/ Salih Omar Issa, The impacts of cultural discourses on the political system of Kurdistan Region, Qalaai Zanist Scientific Journal, 5(2), 2020, Accessed:19/4/2025. http://dx.doi.org/10.25212/lfu.qzj.5.2.02**

**4/ Sara Mustafa, Iraqi Kurdistan Independence Referendum: Political Parties, Opportunity and Timing. British Journal of Middle Eastern Studies, 48(5), 2020, Accessed: 19/4/2025. http://dx.doi.org/10.1080/13530194.2020.1724077**

**5/ Mohammed Salih,The New Politics of Iraqi Kurdistan. Strategic Review, 10, 2021, Accessed: 20/5/2025https://www.washingtoninstitute.org/policy-analysis/new-politics-iraqi-kurdistan**

**6/ Anwar Anaid, The Nature of Political Economy Challenges of the Kurdistan Region of Iraq. In: Anaid, A, Tugdar, E. (eds) Iraqi Kurdistan's Statehood Aspirations. Middle East Today. Palgrave Macmillan, 2019, Accessed: 20/5/2025 http://dx.doi.org/10.1007/978-3-319-93420-4_2**

**7/ Munir Hasan Mohammad, Social media and democratization in Iraqi Kurdistan since 2003, University of Warwick, 2018, Accessed:12/5/2025. http://webcat.warwick.ac.uk/record=b3252812~S15**

**8/ Ahmad, A. R., & Murad, H. R, The Impact of Social Media on Panic during the COVID-19 Pandemic in Iraqi Kurdistan: Online Questionnaire Study. Journal of Medical Internet Research, 22, 2020, Accessed:15/5/2025. https://doi.org/10.2196/19556**

**9/ Jamal Mohammed Ameen Hussein and Abdulwahed Jalal Nori, The Influence of Civil Society Organisations on Political Decision-Making in Iraqi Kurdistan.Intellectual Discourse, 32, 2024, Accessed:15/5/2025. http://dx.doi.org/10.31436/id.v32i1.1929**

**10/ Alice Hlidkova, The media reality in Iraqi Kurdistan. Arab Media & Society , 2011, Accessed: 12/5/2025 .https://www.arabmediasociety.com/the-media-reality-in-iraqi-kurdistan/**

**11/ Hataw Hama Saleh Hussein, The role of news media in supporting democracy in Kurdistan Region.2018, Accessed: 20/5/2025 https://chmk.org/files/2021/07/CHMK-HATAW-HAMASALIH-2018-The-Role-of-News-Media-in-Supporting-Democracy-in-Kurdistan-Region.pdf**

**12/ Yahya Fatah, The role of social media in political change in the Kurdistan Region of Iraq. Proceedings of "Reform and Political Change" Conference, 2021, Accessed:20.5.2025. https://www.academia.edu/61273369/The_role_of_social_media_in_political_change_in_the_Kurdistan_Region_of_Iraq**

**13/ Al-Barzanji, S. H., & Ahmed, H., Legislative forms of the local units in the Kurdistan Region and mechanisms for their advancement, 2017,2/5/2025.**

https://documents1.worldbank.org/curated/en/760851537392719616/txt/KRG-Compreshensive-Review-of-Legislation-Transition-Phase-FINAL-14-June-2018.txt

14/ Selin Uysal, Making Sense of Iraq's Politicized Supreme Court Rulings. The Washington Institute, 2023 ,2/5/2025 https://www.washingtoninstitute.org/policy-analysis/making-sense-iraqs-politicized-supreme-court-rulings

15/ Mohammed ali Yaseen Taha and Angela Movileanu, A, Kurdistan Parliament: Formation of a de jure institution in a de facto state, Academic Journal of Nawroz University, 2021,20/5/2025. http://dx.doi.org/10.25007/ajnu.v10n4a1263

16/ Michiel Leezenberg, Iraqi Kurdistan: A Porous Political Space. Kurdistan Review, 5,2017,20/5/2025. https://doi.org/10.4000/anatoli.608

17/ Delshad Hamed Darwesh ,The Legal Nature of Law No. 1 (1992) Amended the Election Law for the Kurdistan Parliament – Iraq. Halabja University Journal, 1,2022, Accessed: 18/5/2025https://doi.org/10.32410/huj-10441

18/ Hewa Rasul, Organizing legislative initiative in Kurdistan Region. Proceedings of "Deficiencies and Inflation Aspects in Legislation" Conference,2021,19/5/2025. https://doi.org/10.21928/uhdicdial.pp141-151

19/ Layla Albadri, The Influence of the Media on Political Decisions, Academic International Journal of Social Sciences and Humanities, 2 (2), 2024, 19/5/2025. https://doi.org/10.59675/S225

20/ Dr.G.Yogapriya and Nimesh Chettri, Impact of Social Media in Making Political Decisions in Developing Countries , Vol-2, Issue-2, June 2022 , Accessed: 25/5/2025. file:///C:/Users/hp/AppData/Local/Microsoft/Windows/INetCache/IE/3X1X5Z61/impact-social-media[1].pdf

21/ Ibrahim A. Salawu, The Elite Theory in the Context of Public Policy Making, International Journal of Emerging Multidisciplinaries: Social Science, 2 (2) ,2023, Accessed: 25/5/2025https://doi.org/10.54938/ijemdss.2023.02.2.209

22/ Anthony Lester, The judicial protection of human rights in the commonwealth, Journal of Commonwealth Law and Legal Education, 1:1, 3-12, 2001 , Accessed: 25/5/2025, http://dx.doi.org/10.1080/14760400108522884

23/ Guy Schleffer, Benjamin Miller, The Political Effects of Social Media Platforms on Different Regime Types *The* Texas National Security Review,vol4 (3), Summer 2021, Accessed:25/5/2025, .http://dx.doi.org/10.26153/tsw/13987

24/ Joe Foweraker. "Grassroots Movements and Political Activism in Latin America: A Critical Comparison of Chile and Brazil." Journal of Latin American Studies 33, no. 4 ,2001, Accessed:26/5/2025. http://www.jstor.org/stable/3653766.

25/ SusanWebbYackee, Executivepolicymakinginfluenceviathe administrativeapparatus, PublicAdminRe, 19March2024, 26/5/2025.https://doi.org/10.1111/puar.13899

26/ Susanne Wallman Lundasen, Civil Society and Political Participation, Swiss Political Science Review ,21(1),2014, Accessed: 19/5/2025. doi:10.1111/spsr.12140.

27/ Jennifer Gandhi., Ben NobleMilan Svolik. Legislatures and Legislative Politics Without Democracy. Comparative Political Studies, 53(9), 2020, Accessed:25/5/2025. https://doi.org/10.1177/0010414020919930

28/ Kappiarathel, Shahsoor Muhammad. "Legal Tech and the Future of Litigation: Transforming Justice Through Innovation". Indiana Journal of Arts & Literature 6, no. 2 (February 26, 2025): 01–04. Accessed: 6/5/2025. https://doi.org/10.5281/zenodo.14970194.

29/ Maxwell E. McCombs and Donald L. Shaw, The agenda-setting function of mass media, The Agenda Setting, Journal, 1(2), September 2017, Accessed:6/5/2025.https://www.researchgate.net/publication/317122086_The_Agenda-Setting_function_of_mass_media

ISSN-Print: 2079-3901
ISSN-Online: 3005-396X

30/ Keya Agarwal, How Does Political Polarization Impact Legislative Gridlock And Policy-Making Processes, Journal Of Humanities And Social Science, Volume 29, Issue 10, Series 6, October, 2024, Accessed: 2/5/2025. H2910065364[1].pdf
31/ Annabelle Lever, Democracy and judicial review: are they really incompatible? , LSE Research Online, December 2009, Accessed: 6/5/2025.

سلوان فاضل غفور

http://eprints.lse.ac.uk/23097/
32/ Richard C. Cahn, Restoring Trust in the Judiciary: A Critical, High Priority Project for the Biden Administration , Touro Law Review, Vol. 36: No. 4, 2021, Accessed: 6/5/2025.https://digitalcommons.tourolaw.edu/lawreview/vol36/iss4/15? PDFCoverPages
33 / Zhigang Li, , Bingyuan Xie , & Ximing Chen and Qilong Fu ,. "Corporate digital transformation, governance shifts and executive pay-performance sensitivity," International Review of Financial Analysis, Elsevier, vol. 92(C),2024. Accessed: 10/5/2025.https://doi.org/10.1016/j.irfa.2023.103060
34/ John C. Duncan, A CRITICAL CONSIDERATION OF EXECUTIVE ORDERS: GLIMMERINGS OF AUTOPOIESIS IN THE EXECUTIVE ROLE, Vermont Law Review, Vol. 35:333,2010, Accessed: 15/5/2025. https://lawreview.vermontlaw.edu/wp-content/uploads/2012/02/10-Duncan-Book-2-Vol.-35.pdf
35/ Michele Waslin, The Use of Executive Orders and Proclamations to Create Immigration Policy: Trump in Historical Perspective, Journal on Migration and Human Security, 2020,vol8(1), Accessed:15/5/2025. https://doi.org/10.1177/2331502420906404
36/ Jon Green, Jonathon Kingzette, and Michael Neblo, Deliberative Democracy and Political Decision Making , May 2019, Accessed: 20/5/2025 https://polisci.osu.edu/sites/default/files/OxfordEncDelibDecisionMake.pdf

## عملية صنع القرار السياسي في إقليم كردستان بعد عام 2003

ISSN-Print: 2079-3901
ISSN-Online: 3005-396X

| |
|---|
| قسم النظم السياسية والسياسة العامة، كلية العلوم السياسية، جامعة صلاح الدين - أربيل، إقليم كوردستان - العراق |
| salwan.ghafour@su.edu.krd |
| أ. م. د. زوبير ڕەسول ئەحمەد |
| قسم النظم السياسية والسياسة العامة، كلية العلوم السياسية، جامعة صلاح الدين - أربيل، إقليم كوردستان - العراق |
| :zubir.ahmed@su.edu.krd |

الملخص

تعد عملية صنع القرار في العلوم السياسية عملية معقدة ومتعددة الأبعاد، لا سيما في إقليم كردستان. تهدف هذه الدراسة إلى تحليل عملية صنع القرار السياسي في هذه المنطقة من خلال الإجابة على السؤال الرئيسي التالي: ما طبيعة وهيكلية عملية صنع القرار السياسي في إقليم كردستان؟ يحدد البحث أولا الجهات السياسية الفاعلة الرئيسية، بما في ذلك الأحزاب والمؤسسات الحكومية ووسائل الإعلام والرأي العام، ويستكشف العلاقات بين هذه الجهات وتأثيرها على القرارات السياسية. ويركز البحث على أدوار الأحزاب والنخب السياسية في هذه العملية. تشير النتائج إلى ضعف دور المؤسسات الرسمية في صنع القرار، مما يقلل من سلطتها - وخاصة دور البرلمان، الذي يفترض أن يكون له دور هام، ولكنه غالبا ما يهيمن عليه النخب السياسية. إضافة إلى ذلك، يؤثر نوع النظام السياسي والدستور بشكل كبير على عملية صنع القرار. ستدرس هذه الدراسة أدوار السلطات الثلاث في صنع القرار السياسي، وتقيم مستويات تأثيرها، وتركز تحديدا على أدوار الأحزاب والنخب السياسية في إقليم كردستان.

الكلمات المفتاحية: القرار السياسي، النظام السياسي، حزب سياسي، النخبة ،إقليم كوردستان.

# The Process of Political Decission Making in Kurdistan Region after 2003

| |
|---|
| Salwan Fadhil Ghagour |
| Department of Political Systems and Public Policy, College of Political Science, Erbil, Kurdistan Region - Iraq Salahaddin |
| salwan.ghafour@su.edu.krd |

ISSN-Print: 2079-3901
ISSN-Online: 3005-396X

**Assist. Prof. Dr. Zuber Rasool Ahmed**
**Department of Political Systems and Public Policy, College of Political Science, Erbil, Kurdistan Region – Iraq Salahaddin**

zubir.ahmed@su.edu.krd

**ABSTRACT**

**Decision-making is a complex and multidimensional process in political science, particularly in the Kurdistan Region. This study aims to analyze the political decision-making process in this region by addressing the following primary question: What is the nature and structure of the political decision-making process in the Kurdistan Region? The research first identifies key political actors, including parties, government institutions, media, and public opinion, and explores the relationships among these actors and their influence on political decisions. Emphasis is placed on the roles of political parties and elites in this process. The findings indicate that the role of official institutions in decision-making is weak, diminishing their authority especially that of the parliament, which is intended to have a significant role but is often dominated by political elites. Additionally, the type of political system and the constitution significantly impact the decision-making process. This study examines the roles of the three branches of government in political decision-making, assess their levels of influence, and focus specifically on the roles of political parties and elites in the Kurdistan Region.**

**Keywords: Political decision, Political system, Political party, Elite, Kurdistan Region.**